# بیری فاشیستی بەعس و جینۆسایدی گەلی کوردستان

سەلام عەبدوڵا

**کۆمەڵە وتار**

**٢٠٠١-٢٠٠٦**



کتێبی ژنەفتن

١٦

# بیری فاشیستی بەعس و جینۆسایدی گەلی کوردستان

سەلام عەبدوڵا

## کۆمەڵە وتار

## ٢٠٠١ - ٢٠٠٦

# بیری فاشیستی بەعس و جینۆسایدی گەلی کوردستان

سەلام عەبدوڵا

## کۆمەڵە وتار

2001 –2006

وەشانی ژنەفتن
jineftin.krd
ناونیشان:
بیری فاشیستی بەعس و جینۆسایدی گەلی کورد
بابەت: کۆمەڵە وتار
نووسینی: سەلام عەبدوڵا
دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا
مێژووی بڵاوکردنەوە:
هەولێر، ئایاری ٢٠٢٢
چاپی یەکەم: ئەلیکترۆنی
١٣١ لاپەڕە
Email: jineftin@jneftin.krd
مافی لەچاپدانەوەی ئەلیکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.
بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێ پێدراوە.

١. چۆن فاشیزم پێناسە بکەین؟

٢. حزبی بەعسی فاشیست، لەباری ئیدۆلۆژی، دەسەڵات و پەیوەندییەکانی

٣. نـاوی ئەو شـــەرکەت و ڕێکخراوە ئەڵمـانییـانە کە پشتگیرییان کردووە لە ڕژێمی فاشیستی (ئێراق)

٤. جینۆسایدی گەلی کوردستان، یاسا نێونەتەوەیییەکان و ئەرکەکانمان

٥. گفتوگۆ لەگەڵ بەرێز هانز براندشـــایدت (بەرپرســـی میدیکۆ ئینتەرناسیونال)

٦. بازرگانی بە قوربانییان

## چۆن فاشیزم پێناسە بکەین؟

یەکێک لەو کێشـــــە گەورانە کە ڕووبەڕووی لێکۆڵەرانی بوارە جیاجیاکـان دەبێتەوە، کێشـــــەی پێنـاســـــەکردنی (فــاشــــــیزم)ە و لـێـرەدا هەوڵ دەدەیـن زۆربەی ئەو پێناســـەکردنانە لەلایەن ئەوانەی بایەخیان بەم بابەتە داوە یـان بەرەنگـاری بوونەتەوە وەک (کۆمونیســـــت، ڕەوتە چەپەکـانی نـاو ســـــۆســـــیال دیموکرات، پیـاوە خـاوەن ویژدانەکانی کڵێســـا جیاجیاکان، ڕۆشـــنبیرە بێلایەنەکان)، بخەینە بەرچاو تا بتوانین قۆناغ و چۆنێتیی گەشـەسـەندن و بنەماکانی بناسـین و پێش هەموو شـتێکیش هەوڵ بدەین بزانین کێ لە پشتیەوەیە و سوودی لێ وەردەگرێ .

A-: گەشەسەندنی فاشیزم بە (ڕێگای تایبەت)

لە ڕۆمـانیـا، ســـــاڵی ١٩٤٤ بە ســـــەرۆکـایەتی ژەنەڕاڵ (ئەنتوتسکۆ) فاشیزم سەری هەڵدا و (کۆماری سلۆفاکیا)ی بە ئەڵمانیا بەستراو لە مارسی ١٩٣٩ دامەزراو هەمان ئەو

ماوەیەدا، لە کرواتیا، دیکتاتۆری فاشیزمی کلێرکی و ڕژێمی ئوستاشیا دامەزرا.

هەروەها بزووتنەوە و حزبی فاشیستی لە هەریەکێک لەم وڵاتانە بەدیارکەوتن :

١. فنلەندا:- بزووتنەوەی گەلی نیشتمانی لە ساڵی 1932 دامەزراوە لەلایەن کڵێساوە پشتگیری لێ کرا کە پێشتر پشتگیریی بزووتنەوەی (لابوا)ی فاشیستی کردبوو.

٢. بەلجیکا :- ساڵی 1935 ڕێکخراوێکی فاشیستی بە ناوی (بەرەی گەلی) و (بزووتنەوەی سۆسیالیزمی) لە دانیمارک (حزبی سۆسیالیستی نەتەوەی کرێکاری) سەری هەڵدا. ساڵی 1924 لە سوید (یەکێتیی سۆسیالیستی نەتەوەی سویدی) لەلایەن برایان بیرکە کونار و سنکیور فوروکارد دامەزرێنرا. هەروەها کۆمەڵەی نەتەوەی ساڵی 1925 دامەزرێنرا وا باوەڕ دەکرێ کە ڕێکخراوانی ئەم حیزبە پەیوەندییان بە (هیتلەر)ەوە هەبووە و حزبە نوێکەیان ناو نا (حزبی گەلی سۆسیالیستی نەتەوەیی).

٣. لە سویسراشدا لە ساڵی 1933 (بەرەی نویّ) و (بەرەی نەتەوەیی) و لە (25)ی دیســـەمبەری 1940 دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوەیی ڕاگەیەندرا.

هەر بە هەمـان شـــێوەش لە وەڵاتگەلێ وەک پورتوگـال، ئیسپانیا و یۆنان فاشیزم سەری هەڵدا و گەشەی کرد.

ئەم ڕووداوانە ئەوە دەردەخەن کە فــاشـــیزم توانــای ســەرهەڵدانی لەو وڵاتانەشـدا هەیە کە ســەرمایەداری تێیدا نەگەیشتووەتە قۆناغە مۆنۆپۆلییەکەی.

بۆردیغای ســـەرکردەی حزبی کۆمۆنیســـتی ئیتاڵی کە تا ســـاڵی 1923 ســـەرکردەی ئەم حزبە بووە وای دەبینی کەوا جیـاوازی لەنێوان دیمـوکـراتیەتی بۆرجـوازی و دیکتاتۆریەتی فاشیستدا نییە.

گەلێ پێناســـەی دیکە بۆ فاشـــیزم هەیە، لەوانە پێناســـەی (برایل ســتیوارت)ی ئینگلیزە کە دەڵێ: فاشــیزم بۆرژوازی بچووکی شۆڕشگێرە کە دەستی بەسەر ئامرازی دەوڵەتدا گرتووە. هەروەها سـۆسـیالخوازی نەمسـاوی (ئۆتۆ باور)

دەڵێ: فاشیزم شێوەیەکە لە شێوەکانی دەسەڵاتداریەتی لە سەرووی چینەکانەوە دەوەستێ.

گەورەکردنی ڕۆڵی بۆرژوای بچووک کە وەک ئامرازێکی نەرم بە دەستی سەرمایەدار دەمێنێتەوە بۆ جێبەجێکردنی بەرژەوەندییەکی هەموو زانستییەکی ئەم پێناسەیە هەڵدەبوێرێ و بە گوێرەی پێناسەکەی (باور)یش هەرهەمان شت کە هیچ دەسەڵاتێک نییە لە سەرووی چینەکانەوە بوەستێ.

(ئۆتۆ باور) وای دەبینێ کە کاردانەوەی بۆرژوازی جیهانی، فاشیزم لە لووتکەیدا دەردەبڕێ و بە شێوەیەکی تایبەتی بەرپرسیاری دەکەوێتە ئەستۆی شۆڕشی ڕووسی چونکە بەلشەفیزم بەهەشتی مەنشەفیەکانی لە جۆرجیا و ئەرجینیادا تێکشکاند. هۆی دیکەشی بریتییە لە سیاسەتی داپڵۆسێەرانەی بەلشەفیەکانە.

ئایا (ئارنست ماندێل) چی لەبارەی بۆچوونەکەی (باوەر) دەڵێ: جگە لە بەشداریکردنەکەی ترۆتسکی، دوو بیروڕای تر هەیە کە لە هەمووان گرنگتر لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی ڕابردوو لەبارەی تێۆری فاشیزمەوە و ئەوانەش

بریتین لە هەردوو بیروڕای (ئۆگســــت تالهایمر) و (ئۆتۆ باوەر). هەروەها ماندێل لە لاپەڕەی 47ی هەمان سەرچاوە دەڵێ: "لەگەڵ ئەمەدا ئەم شــیکردنەوە لە شــیکردنەوەکانی ڕیفۆرمە موبتەزەلەکـان پێشـــکەوتووترە... کە بیروڕای فاشـیسـتەکانیان وەک خۆی دادەڕشـتەوە کەوا "فاشـیزم کاردانەوەیە بەرانبەر مەترســـی بەلشـــەفیک". ئەمەش بە خۆی تەواوکەری بـاوەڕی مـانـدێلە. چونکە (بـاوەر) هەر هەمان بیروڕای هەیە، بەڵام ماندێل چاو لەوە دەپۆشــــێ لەســـەر حیســـابی شـــیکردنەوەی زانســـتی و لە خزمەتی مەبەستە فیکرییەکانی بەکاری دەهێنێت.

(کـــلارا زیـــتـــکـــیـــن) لە کـــۆبـــوونەوەی بەرفـــراوانـــی ئینتەرناسیونالیزمی کۆمۆنیزم لە ساڵی 1923 لە مۆسکۆ ئەوەی دووپات کردەوە کە: فـاشــــیزم ســـــێنترالترین و بەهێزترین گوزارشــتی چینایەتییە بۆ هێرشـــی ســـەرەکیی بۆرژوازیی جیهانی لەم کاتەدا.

لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیار لەســــەر ئەو ڕاپۆرتە درا کە لە ژمـارەی 1923/7/8ی ڕۆژنـامەی (ئـاڵای ســــوور-الرایە الحمراو-)ی حیزبی شــــیوعی ئەڵمانیدا بڵاو کرابووەوە کە

فاشـــــیســــــتەکانی بۆ دووباڵی لێکجیا دابەش کردبوو و باڵێکیان بەتەواوی لەلایەن ســـــەرمایەداری گەورەوە پێک هێنرابوو و ئەوەکەی دیکەشـیان لە نەتەوەپەرسـتە بۆرژوا بـچـووکەکــان پـێــک دەهــات و لەلایەن بــاڵـیـیەکەمەوە هەڵخەڵەتێنرابوون.

(نولتە) بەڕوونی ســەرســامی خۆی بەرانبەر بیروڕایەکانی (ولیــام ڕایش) دەردەبڕی لەبەر ئەوەی هەســـتــاوە بە دابڕاندنی نـادیـار لەنێوان بـاری ئـابووری و ئیدۆلۆژی و جەمـاوەری پرۆلیتـاریـا و بەمە یـارمەتیی ئەوەی داوە و چونکە ئەوەی دۆزییەوە کە فــاشـــــیزم پەیوەنــدی بە بنچینەکــانی ئــابووری و بیروڕاکــانییەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندی بە ڕاستییەکەوە هەیە کە زۆر لە سـەرمایەداری کۆنترە... با بڵێین پەیوەندی بە پێکهاتنی دەســـــەڵاتداریەتی ئاژەڵی و سەرکوتکردنی سێکسییەوە هەیە، یان هەر شتێک بە هۆی دوژمنکارییەوە، دەروون ڕازی بکا.

ئەمەش لەگەڵ بۆچوونەکەی (نولتە)دا دەگونجێ کە دەڵێ: ڕەگەکانی فاشـیزم لە شـتێکی کەم وێنەوە سـەر هەڵدەدا و ناتوانرێ بەسادەیی لە سروشتی مرۆڤدا بەدی بکرێ (ئەم

بیروڕایانە بیروڕای چۆنیەکن) لەگەڵ بیروڕای تیۆرستەکانی ئایدۆلۆژیای (سیاسیی دانیشتووانی) تاوانبار کە دەڵێن هەژارەکان خۆیان هۆی هەژاری خۆیانن.. هتد.

زۆر پێناسە و هەڵسەنگاندنی دیکەش لەلایەن هێزە کۆنەپەرست و پارێزگار و لیبرالەکانەوە بۆ فاشیزم هەیە کە بە خزمەتی ئیمپریالیزم دەشکێتەوە و بەرگری لێ دەکەن و ڕووی تاوانبارانی فاشیزم ئارایشت دەکەن. لێرەدا دەبێ بەکورتی باسی یەکێک لەو تیۆرە گومانلێکراوانە بکەین کە بە تیۆری تۆتالیتالیزم ناو دەبردرێ: سکرتێری حیزبی کاسۆلیکی ئیتاڵی (لیو کستارزو) ساڵی 1926، فاشیزمی وا داناوە کە دیوی ڕاستی بەلشەفیکە و بەلشەفیکیش چەپی فاشیزمە.

(ئوتو وێلر) سکرتێری حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی لە لایبزک ساڵی 1931 لە کۆنگرەی حزبەکەیدا گوتی: کۆمۆنیزم، سەرمایەدار نییە و فاشیزم و بەلشەفیک جومکن. هەروەها (رودولف برایت شاید) لە هەمان کۆبوونەوەدا هەمان بیروڕای دووپات کردووەتەوە .

هەروەهــا (هێربەرت مــاکۆزە)ی قوتــابخــانەی فرانکفۆرتی چەپ لە کتێبەکەی (عەقڵ و شــۆڕش، لاپەڕە 269)دا دەڵێ: تێکشــکاندنی فاشــیزم و ســۆســیالیزمی نەتەوەیی بەرەو تۆتــالیتــاریزم چوونیــان ڕانەگرتووە... چەوســــــانەوەی کۆمەڵگــای ســــتالینی کەمتر نەبووە لە چەوســــــانەوەی کۆمەڵگــای ســــەرمــایەداری (...) تەنیــا ئەوە نەبێ کە هەژارییەکەی ئێجگــار زۆر بووە. هەر بە هەمــان شــــێوە (کارل یوخائیم) و(تسبکتیف بیرجنسکی) وای بۆ دەچن کە: لە جەوهەردا فاشیزم و ڕژێمی سۆڤیەتی لێک دەچن ...

یەک ئــایــدیۆلۆژیــا "یەک حزب" یەک پۆلیســــی نهێنی بۆ ڕاونــان و دەزگــای ڕاگەیــانــدنی مۆنۆپۆلکراو "مۆنۆپۆلی چەک و ئابوورییەکی ناوەندیان هەیە".

بەڵام (ئێرنســت نولتە) لە ڕەگەکانی فاشـیزم دەگەڕێ بەڵام نەک بەو مانایەی فاشــیزم بەرهەمی قەیرانە ســەرمایەدارە مۆنۆپۆلەکانە و تۆوەکەی لە ناوەوەی ڕژێمی بۆرژوازیدا هەیە، بەڵکوو وەک بەرهەمێکی ســروشــتی مرۆڤ لە قەڵەم دەدا و دەڵێ: ئەگەر بێتوو فاشــــیزم ڕیزەوە ســــەربازە کۆنەکان دەرببڕێ ئەوا ڕەگەکانی دەگاتەوە چەند شــتێکی

وا کە ناتوانرێ بە سـانایی لە سـروشـتی مرۆڤدا دیاری بکرێ و ئەوەش بەرهەمی ڕژێمی سەرمایەداری نییە.

ئێمە دەبینین کە (ماندیلی)ش لەگەڵ ئەوەی ڕەخنە لە نولتە دەگرێ بەڵام باوەڕ بەوە دەهێنێ کە ئەم مەیل و ئارەزووە دوژمنکارییانە، پەیوەندییان بە ناوەوەی خودی مرۆڤەوە هەیە و هۆی شـەڕ و پێکـدادانەکـانی دیکەن، نەوەک بەرژەوەنـدییە چینـایەتییەکـان و دەڵێ: بەداخەوە کە ئەم ئارەزووانە لەو سـەردەمانەشـدا هەبوون و هۆی شـەڕی بازرگانی بە کۆیلە و غەزاکانی گەلە شوانکارەکان بووە بۆ سـەر زەوی جوتیـارەکـان و بەرپـابوونی جەنگە خـاچ پەرستەکان.

ترۆتسـکییەکانیش وا پێنـاسـەی فاشـیزم دەکەن کە دیکتاتۆری بۆناپارتییە ئەمەش موزایەدەکردنە لەسـەر ئەو ڕۆڵە یەکلاکەرەوە کە تاکەکەس وەک مۆسولینی، هیتلەر و ژەنەڕاڵەکان دەیبینین بە لەبیرکردنی ڕۆڵی بۆرژوازیەت و حکوومەتی (شـلایشـەر و فونی)شـی بە بۆناپارتی لە قەڵەم داوە.

ئەکادیمی ئەمریکی کاوتسـکی لە کتێبی (المتحولات السـیاسـیە فی البلدان المتخلفە) چاپی یەکەم / کانوونی دووەم 1980 _ درا الحقیقە) لە لاپەڕەی (38)دا بەم شـێوەیە بۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕی: "لەگەڵ ئەوەشدا مۆسولینی کە ڕەنگە لە لینین فێر بووبێ و هیتلەریش لە مۆسـولینی هەروەها سـتالین و فرانکۆش بە شـێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە مۆسولینی و هیتلەر فێر بووبن، بەڵام ناتوانرێ ڕووە لێکچووەکانی نێوان تۆتالیتارییە ترسناکەکانی ڕژێمە جۆربەجۆرەکانیان دیاری بکرێ".

لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی فرانکفۆرتە ئەڵمانیە لەگەڵ پرۆفیسـۆر (بولوک) لە بەریتانیا لە (1991/12/6)، بەم شـێوەیە بیرو بۆچوونەکانی دەردەبڕێ: "جیاوازی لەوەدا دەبینین کە سۆسیالیستە نەتەوەخوازەکان پڕوپاگەندەیان بۆ کۆمەڵگای نەژادپەرسـتی کرد و مارکسـییەکانیش بۆ کۆمەڵگای چینایەتی". لە شـوێنێکی دیکەدا دەڵێ "ئەم دوو پیاوە [مەبەسـتی هیتلەرو سـتالینە] دوو شـۆڕشـگێڕی توندڕەو بوون و باوەڕیان بەوە هەبوو کە گیروگرفتە سیاسییەکان لە ڕێگای (توندوتیژییەوە) چارەسەر دەکرێ."

کاتێ کە ڕۆژنامە بەستەزمانەکە هیچ زانیارییەکی لەبارەی مەسەلەی بەراوردکردن ئەو دوو دەسەڵاتەوە نییە، لێی دەپرسێ هیتلەر و ستالین لێکەوە نزیکن لەبەر ئەوەی ئەمانە دوو تاوانباری ترسناکن لەم سەردەمە، چی بوو وای کرد تۆ یەکەم کەس بیت لە کتێبەکەتدا ئەم بەراوردە بکەی و کەسێکی دیکە پێش تۆ بەراوردێکی وای نەکردووە؟

پرۆفیسۆر لە وڵامدا دەڵێ: لە ڕاستیدا چۆن یەکەم کەس بووم ئەمەم دۆزیوەتەوە، لەلای ڕووسەکان شتێکی گرانە کە چۆن ئەڵمانییەک هەنگاوی ناوە و لە دەرگای ئەم بابەتە دەدا. هەروا لەبارەی واقیعی سەدەی بیستەمدا گومان لە زانیاریی مێژوونووسەکانی سۆڤیەتەوە دەکا و لە کۆتاییی چاوپێکەوتنەکەدا هەندێ باسی ژیانی خۆی دەکا و دەڵێ: من بەشداریم کردووە لە سەرکردایەتی جەنگی دەروونی و بەشی ئەوڕووپا لە ئێزگەی (بی بی سی)م دامەزراند و منیش یەکەمین کەس بووم کە لەم بەشەدا کارم کرد.

_ڕۆژنامەنووس:- چۆن ئەم بابەتەتان هەڵبژارد؟

پرۆفیســــۆر:- یەکێک لە خاوەن (دەزگاکانی بڵاوکردنەوە) تکای لێ کردم کتێبێک لەبارەی هیتلەرەوە بنووســــم. ئەوە تێکڕای مەسەلەکەیە.

لێرەدا گەلێ زانای بۆرژوازی دیکە هەن دەیانەوێ بە گەلێ هۆکارەوە پاکانەی جیاجیا بۆ ڕژێمی بۆرژوازی ســەرمایە بهێننەوە و ڕاگەیاندنەکانیان بە درۆ و لەســــەر بنچینەی نەژادپەرەســــتی و کۆنەپەرەســــتی دژ بە ســــۆڤێـت دامەزرانـدووە. بۆ نموونە (لویس ب. بۆخنەر) دەڵێ: ئێمە لەســــەر ئەوە ڕێککەوتووین کە نــاتوانرێ پەیــدابوونی سۆسیالیزمی نەتەوەیی بە سەرمایەدارییەوە ببەسترێتەوە، یان دروســــتبوونی حزبی نازی لەســــەر ئەنجامی هێزی کاریگەریێتی گیانی هیتلەرەوە پەیدا بووە. هەروەها دەڵێ: پیشـەسازیی گەورە لە پەرەگرتنی نازیزم بەرپرسیاریەکی کەمتر لە تێکڕای چینە کۆمەڵایەتییەکـانی دیکە دەگرێتە ئەســتۆ... هەروەها لە شــوێنیکی دیکەشــدا بۆخنەر دەڵێ: "دەبێ پشتگیریکردنی داراییی پیشـەسازکارەکان بۆ هیتلەر بە کلیلی دەرگای دەسەڵاتداریێتییەکە دادەبنرێ".

نازییەکان تەنیا بە ڕێگای ســــەرکەوتنیان لە هەڵبژاردن، هاتنە سـەر دەسـەڵات، هەر بە هەمان شـێوە (هانز ئیکهارد کتابین) دەیەوێ ئەوە دەربخا کە پوول (هیتلەر)ی دروست نەکردووە و نەیکردووەتە هێزێکی گەورە، بەڵکوو چینی بورژوای بچووک و چینەکانی ناوەڕاسـت و ملیۆنان بێکار کردوویانە بە هیتلەر.

(گوســـتـاف شـــویلەر) کە یەکێکە لە نوێنەرەکـانی ئەو پیشـــەســـازکارانەی لەنێوان – تاوانبارکراوەکانی دادگای نورنبێرگ، نکوڵی لەوەی کرد کە پیشـــەســـازکارەکان هیچ ڕۆڵێکیان لە دەســـەڵات گرتنە دەســـتی هیتلەر نەبینیوە. هیتلەر تێروانینە ئابووری و سـیاسـییەکانی لە سـەرچاوە ســـەرمـایەداری و فـاشـــیزم و کۆمۆنیســـتییەکـانەوە وەرگرتووە، بەڵام (هەنری ئاشی) و (تویر نر قیرون ) وای دەبینن: مەبەســـت لە پشـــتگیریکردنی دارایی نازیزم بۆ هێنانە سـەر حکومی نەبووە. ئاماژە بۆ حاڵەتی تیسـین وە کیردۆف (نوێنەری پیشـــەســـازکـارەکـان) دەکەن کەوا زۆربەی جار سمپاتیان لەگەڵ نازییەکان هەبوو و هەروەها کەسانی وەک (کیپلر) و (کرابسەر) بانگەشەی ئەوەیان کرد

کە: نــازیی هۆشـــمەنـد و نــازیی مـامنـاوەنـد هەنە بۆ بەهێزکردنی شـــوێن پێی ئەوانە و لاوازکردنی لایەنە ڕادیکاڵییەکەی لە بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی.

هەروا (کارڵ فرۆرین) وای بۆ دەچێ کە: هەردوو ڕژێمی تۆتـالیتـاری (فـاشـــیزم و کۆمۆنیزم) لە بنچینەدا لە یەک دەچن. هەروەکو (فرنەر) یش دەڵێ: پیشـــەســـازکارەکان موعـارەزەیەکی مەبـدەئیـانەیـان نییە بەرانبەر هیتلەر.. ئەو مامەڵە بەهێزە کە کارگەی (دروســـتکردنی ڕەنگ) دەیکرد، نموونەی هەموو پیشـــەســـازیی ئەڵمـانیـا نییە. بەڵام (هـالکـاردن) دەڵێ: لە هەموو حاڵێکدا مۆنۆپۆلە بورژواکـان بزووتنەوەی (ns) یان دانەمەزراندووە.

ئەمە ئەگەر هاتوو بە هەموو توانایەکەوە لەلایەن بەشـێکی پیشـــەســـازکارەکانیشـــەوە پشـــتگیریی بزووتنەوەی سۆسیالیزمی نەتەوەیی کرابێ .

ئـا بەم جۆرە بۆمـان ڕوون دەبێتەوە کە جیهـانبینە تۆتـالیتـارییەکان هـاوبەشـــێکی ناکۆک کۆیان دەکاتەوە و ئەویش دوژمنکـارییەکـانیـانە لە بەرانبەر کۆمۆنیزم و دەسـەڵاتداریێتی پڕۆلیتاری دژ بە ئیمپریالیزم و فاشـیزم لە

یەکێتی سۆڤیەت. ئەم پشتخانە فیکرییانە پاڵنەری سەرەکین لە لێکۆڵینەوە ڕووو زەردەکانیان و پاکانەکردنە بۆ پڕۆژوا و پەیوەنـدییە ئـابووری و فـیکری و کۆمەڵایەتـی و ســـایکولۆژییەکانیان... بەو ئیعتبارەی فاشـــیزم لە ئەڵمانیا بەرهەمی ســـیاســـەتی ســـەرمایەداریی داراییی مۆنۆپۆڵە، تیۆری تۆتـالیتـاری تیۆری ئیمپرلیبرالەکـانە بە نـاوی (لێکۆڵینەوەی زانستی) و (تێڕوانینی ڕاقیعییانە بۆ مێژوو).

لەگەڵ ئەوەی (ئێرنســـت نوڵتە) زانیارییەکی زۆری هەیە لەســەر فاشـیزم، بەڵام وەک جیهانبینێکی ئمپریال لیبڕالە و وا دەزانێ کە ســـۆســـیـال دیموکرات وەک مەرجێکی (سـۆسـیال فاشـیزم) لە سـالی 1924دا لەلایەن سـتالینەوە خرایە ڕوو. بەڵام لە ڕاســـتیدا هەریەکێک لە تۆلیـاتی و زینۆفیف و کلارا زیتکین ئەم تیۆرەیان لە کۆبوونەوەکانی ئینتەرناسـیۆنالیزمی کۆمۆنیزم لە سـاڵی 1922-1923دا خستووەتە ڕوو و لەلایەن کۆمبنتێرن و حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانییەوە کراوە (سـەیری بیروڕایەکانی فرایمۆت بکەن لە کتێبی "شیکردنەوەو خەبات لە دژی فاشیزم" کە لەلایەن ئینتەرناســـیۆنالیزمی کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیســـتی

ئەڵمانییەوە چاپ کراوە، لاپەڕە 23). فرایمۆت لە وتارەکەیدا دەڵێ: سۆسیال دیموکرات ئەوانەن کە بە قسە دژی فاشیزم تێدەکۆشن. ئەوانە وەزیر و سەرۆکی پۆلیس و کاربەدەستەکانی سۆسیال دیموکراتەکانن کە ڕێگەیان بە فاشیستەکان دا خۆپیشاندان بکەن و ڕێگایان لە خۆپیشاندانی شوعییەکان دژ بە فاشیستەکانی گرت.

ناوێک وەک سیفریک- ئیبەرت ڕیشتە هۆپەرزینک وەک هەموو سۆسیال دیموکراتەکان، دیکتاتۆریەتی سەرمایەداری دەپارێزن و تیپی پۆلیس و سوپا بە ژمارە و کۆمەڵی گەورە تەرخان دەکەن بۆ مل پێ کەچکردن و خلتانی خوێنکردنی خۆپیشاندانی کرێکارە کۆمۆنیستەکان کە دژی فاشیزم ڕادەپەڕین، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە فاشیستەکان بکەن و خۆپیشاندانیان لەگەڵدا ساز بدەن. لەم بارەیەوە دەتوانرێت چاوێک بە بیروڕایەکانی (کارلاندیز)ی ئیتالیا لە (پلینۆمی دەیەم، بەڵگەنامەکانی ئومەمیەت) بخشێنین. هەروەها (ڕاینهارد کوینیک) باسی ڕۆڵی ڕاستی سۆسیال دیموکراتەکان دەکا کە لەگەڵ ئەفسەرە پادشاییەکانیان گرت و بزووتنەوەی

شـــۆڕشـــگێڕییان لە ئەڵمانیا لە دەریای خوێندا نوقم کرد (ئەمە نموونەیەکی ســـاکارە بۆ خۆ بەهەڵە بردنی مانديل) و، هەروەهـا (ڕیشـــــارد لوفیتـال) دەڵێ: دەبێ بە شـــێوە ئەڵمـانییە تونـدڕەوەکەی لە فـاشـــیزم بگەین کە ئەویش گوزارشتکردنە لە یاخیبوونێکی بێهودە دژی ئەورووپا.

ســـەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا (فرانسـیسـکۆ نیتی) لەو کتێبەی کە لە ســـــاڵی 1926دا بۆ ئەڵمـانی وەرگێڕدراوە و نـاوی (بەلشـەفیزم – فاشـیزم – دیموکراسـی)، دەڵێ:- فاشـیزم و بەلشـەفیزم لەسـەر بنچینە مەبدەئیەکان لەگەڵ یەکدا ناکۆک نین... هەردووکیان نکوڵی لە هەمان مەبدەئەکانی ئازادی و (سـیسـتەم) دەکەن یان هەردووکیان دژی سـەرەتاکەکانی ســــاڵی (1789)ن هەروەک مۆســــۆلینی وتی دژی مەبدەئەکانی دەســـتووری ئەمریکی ســـاڵی (1787) م و دژی یـاســـــا ئینگلیزییەکـانم. ئەمەش مـانـای ئەوەیە کە نکوڵییان لە هەموو بنچینە شـــارســـتانییە هاوچەرخەکان کردووە و بانگەشـــەیان بۆ گەڕانەوە بەرەو ڕەوشـــتی پاشـــایەتی ڕەها دەکرد و وا لە شـــەڕ تێگەیشـــتوون کە مەشقێکی بەدیهی (ئاسایی)یە بۆ ئوممە.

گـۆڤــاری der spiegal) ، ژ 1991/52، لاپەڕە 20)، وتــارێکی (ئیبەر هــاردیکــل)ی پڕۆفیســـــۆری مێژووی هـاوچەرخ لە زانکۆی شـــــتۆتگارد، بڵاو کردەوە کە تێیدا دوژمنکاری خۆی بەرانبەر کۆمۆنیزم دەردەخا و چ وەک تیۆر چ وەک مومارەســـــە دەریدەبڕێ و دەڵێ: هەر لەگەل شـۆڕشــی (لینین)دا، کۆمۆنیزم بوو بە دیکتاتۆری. پاشــان دیتە سـەر کتێبی (سـەرمایە) و لە بارەیەوە دەڵێ: ئەم کتێبە هەڵەیە. ئەم زانایە لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەڵمانیا بەم شـــێوەیە بەراورد دەکا: هیتلەر کە هاتە ســـەر حوکم خۆی لەناو ئەڵمانیا بوو، بەڵام ئولبریشـت (یەکەم سـەرەک کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات) لە مۆســــکۆوە ڕەوانە کرا. هەروەهــا هیتلەر لەلایەن جەمــاوەرێکی بەرفراوانی وڵات پشــتگیریی لێ کرا، لە کاتێکدا ئولبریشــت پشــتی بە چەکی داگیرکەری بێگانە بەســت و لە ســاڵی 1953 کرێکاران لە دژی حوکمی ئولبریشت مەتەرێزیان گرت، بەڵام شتێکی وا دژی هیتلەر ڕووی نەدا - لێرەدا جەنـابی پڕۆفیســــۆر بە یەک ســــەرە قەڵەم هەر هەموو خەباتی هەژارانی ئەڵمانیا دژ بە فـاشـــیزم ڕەش دەکـاتەوە- میللەت ئەوەنـدە لە ئولبریشت دووركەوتەوە، وای لێ کرد شورەیەک دروست

بکات (مەبەستی شورەی بەرلینە) بەڵام لەلایەن هیتلەرەوە شـــتێکی وا نەکرا، چونکە میللەت لە پشـــتییەوە بوون و فرمانەکانیان جێبەجێ دەکرد. لە کۆتاییدا لە کاتی ڕووخان (مەبەستی ڕژێمی هیتلەرە) زۆر خەڵک لەبارەی هەرەسەوە دەدوان کە مەبەســـتی زۆریـان هەرەســـی ئـارەزوو و هیوایەکانیان بوو. لەبارەی پەیوەندیی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت لەنێوان ساڵانی (1924-1953)دا دەڵێ: لەگەڵ مردنی زۆردار- مەبەستی ستالینە- لە ساڵی 1952، شـــێوە ڕژێمە خوێنـاوییەکەی لە ئەڵمـانیـای ڕۆژهەڵات کۆتایی پێ هات، بەڵام وەک ڕاســـتییەک هەر دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەڵمـانیـای ڕۆژهەڵات لە هیچ کاتێکدا لە ســـییەکان و چلەکاندا وەک یەکێتیی ســـۆڤیەت نامرۆڤانە نەبووە یان پڕ بە پێســـتی ماناکە، ســـتالینی نەبووە.

هەر لە هەمان ژمارەی گۆڤاردا وتارێک بە ناوی (تاوان بەبێ گوناه نییە) لا 35-38 و لەلایەن (زاشـا ئەندرسـون) نووسراوە. لەم وتارەدا بەپێی هەمان ڕێڕەو، زاشا دەیەوێ پاکانە بۆ فاشـــیزم بکا. بۆ نموونە لەبارەی ئەڵمانیای

ڕۆژئاواوە دەڵێ: تەنیا بەشێک لە ئەڵمانیا - زۆر فاشیزمە -ئینجا دێتە سەر باسی مانەوەی زۆر لە نازییەکان لە پێگە هەستیارەکانی حکوومەتی دوای ڕووخانی هیتلەر لەلایەن سوپای سۆڤیەتەوە، بۆ نموونە: (هانز کلوبکە) کە یەکێکە لەو سەرکردانە کە لە سەردەمی هیتلەردا یاسای (نەژاد پەستی)ی داناوە و ئەم پیاوە بووەتە سکرتێری حکوومەتی (ئەدەناوەر) و (ئوبەلەند لید شیودۆری)ی کۆنە نازی وەک وەزیری پەنابەران کاری کرد- لێرەدا مەبەست لە پەنابەران (پۆلۆنی و سۆڤیەتە دەرکراوەکان)ە کە زۆربەیان لە نازییەکانن و تا ئیستا ڕۆڵێکی ترسناک لە ئەڵمانیا دەگێڕن و داوای ئەوە دەکەن کە لە ناوچە ئەڵمانییەکانی پۆڵەندا و یەکێتیی سۆڤیەت بۆ ئەڵمانیا بگەڕێنریتەوە.

لە کۆتاییی وتارەکە دا لە لاپەڕە (37)دا نووسەر باسی هاوسانی سۆسیالیزمی نەتەوەیی لەگەڵ کۆمۆنیزم دەکا و دەڵێ: ئەمانە دوو دیاردەن بۆ گومڕاکردنی مرۆڤ، هەروەک تیۆری تۆتالیتالیزم باسی لێ دەکا.

هەروەها نووسەر باسی ڕا و بۆچوونەکانی ئارنست نولتە دەکا لەبارەی ئەوەوە کە کرداری (ئاسیایی) بۆ هیتلەر و

نازییەکان لە سەرەنجامی ئەوەوە هاتبێ کە خۆیان وەک قوربانییەکی ڕاستەقینەی کرداری ئاسیایی بەلشەفی دانابێ. نولتە پرسیار دەکا و دەڵێ: ئایا سیبل کولاک لە ئاوسشفیتس کۆنترە؟

ئەوەی شایانی سەرەنجدانە ئەوەیە کە تیۆری تۆتالیتاریزم بوو بە تیۆری فەرمی ئیمپریالیستەکانی ئەڵمانیا و لە 5\ئەیلول\1962، لە کۆنفرانسی وەزارەتی ڕۆشنبیریی ئەڵمانیا، بڕیار درا کە تیۆری تۆتالیتاری لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن، بگوترێتەوە و ئەمەش تاوەکوو ئەمڕۆ بەردەوامە.

## تیۆری (سەرۆک سەرچاوەی فاشیستە)

ئەم تیۆرە بە شێوەیەکی تایبەتی لەلایەن پیاوانی کلاسیکی مێژووی ئەڵمانەوە گەشەی پێ درا و پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێ و بە هیچ جۆرێک لە سنووری ئەڵمانیادا نەمایەوە، بەڵکوو خۆی لە خۆیدا پارێزگاری لە هەندێ کاریگەریی دیاریکراو کرد لە ڕوانگەی هەندێ نووسراو و بڵاوکراوە

لەسەر ژیانی هیتلەر و شێوازی ئەم لێکدانەوەش پشت بە تەرکیزکردنە لەسەر ڕۆڵی سەرکردە فاشیستەکان دەبەستێ و شێوازی ژیان و تایبەتمەندی و تێڕوانینیان بۆ جیهان و مامەڵەکردنیان لەگەڵیدا و بانگهێشتی ئەوە دەکەن کە زانستی مێژووی ئێستامان، مێژووی تاکەکەس و کەسایەتییە ئەفسانەیی و مێژووی ئەو پیاوە مەزنانەیە کە مێژوو دروست دەکەن.

هەروەها (کۆلۆمان) دەڵێ کە "هیتلەر پیاوێکی بەهێز و قارەمانە و دیاردەیەکی مرۆڤایەتیی زۆر ترسناکە لە سەردەمەی ئێستاماندا". (ک تبلنباغ) لە کتێبەکەی (پێداویستی ئەڵمانیا وەک "گوناە"ی چارەنووس) کە لە ساڵی 1974 لە شتونگارد بڵاو کراوەتەوە، لە لاپەڕە (12)دا دەڵێ: هیتلەر پیاوێکی غەیبیە و ڕووگرژ و سەرشێتە. (پیتەر هوفمان)یش لەبارەی( هیتلەر)ەوە دەڵێ:- هاندەرێکی غەیبییە. (ماینکە)ش وای دەبینێ: لە گەوهەر و کاریگەریی هیتلەردا شتێکی کەم وێنە دەبینرێ کە بە خەیاڵًدا نایەت. (دویر لاند)یش دەڵێ: لە مێژوودا "مێژووی سۆسیالیزمی نەتەوەیی لە ڕوانگەی پیاوێک و

سیاسـەتەکەیەوە (کە مەبەسـت سیاسـەتی ئەڵمانە) دیاری دەکریَ و ئەم پیاوەش بووە هۆی کارەســـاتێکی گەورە. هەروەها (ئەکســـیل کوین) دەڵیَ: کەســـایەتیی هیتلەر تا ئیســـتاش لە ناوەندی لێکۆڵینەوە تایبەتییەکانی مێژووی ســـۆســـیالیزمی نەتەوەیییەوە ڕاوەســـتاوە؛ (فابری) بەم شـێوەیە باسـی فاشـیزممان بۆ دەکا: پیاویک لە تاریکییەوە بەدیار دەکەویَ و خۆی لە لووتکەی ڕاپەڕینێکی بیَ وێنەدا دەبینێتەوە و ئەم ئیمپراتۆریەتە دەکاتە بەهێزترین دەوڵەتی کیشـوەرەکە و بە هۆی هێرشـە خێراییەکانی بەشـی هەرە گەورەی ئەورووپا دەخاتە ژێرڕکێفی خۆیەوە.

تیۆری (تایبەتمەندیی نەتەوەییی ســـەرچاوەی فاشـــیزمە) کارل دیتریش براخە (ســـیاســـەتناس لە زانکۆی بۆن) و جۆرج لۆکاش (فەیلەســـوفی مارکســـی هەنگاری)، دوو جیهـانیینیی ئەم تیۆرەن بە شـــێوەیەکی تـایبەتی و بەم شـــێوەیە بۆ ئەم مەســـەلەیە دەچن کە: فاشـــیزم تەنیا لە ژمارەیەکی کەمی وڵاتاندا دەســـەڵاتی گرتە دەســـت. ئەو جیـاوازییـانەی کە بە ڕادەی جیـاجیـا لەنێوان ڕژێم فاشـــیســـتەکاندا هەیە کەم نین:- ئەمانە هەموویان وایان

کردووه کە هەندێ لە زانایان بگەنە ئەو سەرەنجامە کەوا بزووتنەوە و سیستەمە فاشیستەکان لە مەرجە نەتەوایەتییە تایبەتییەکانی ئەم وڵاتانە سەرچاوەیان گرتووە و زاڕاوەی فاشیزم شتێکی بێهۆدەیە... چونکە تایبەتمەندێتیی ناسیۆنالیستی کە پێش ئەم زاراوە هەر باو بووە و گەوهەری ڕاستەقینەی بزووتنەوە و ڕژێمەکانی دیاری کردووە. براخە بەم شێوەیە دەگەڕێ و وادادەنێ: کە سۆسیالیزمی نەتەوەیی وەک شێوەیەکی تایبەت بە فاشیزم نییە. بەڵکوو ئەمە لە گەشەسەندنی تایبەتمەندیی ئەڵمانیاوە هاتووە و سەرەنجام دیاردە تایبەتییەکانی مێژووی ئەڵمانییە و دەڵێ: "فاشیزم وەک بزووتنەوەیەکی نەتەوەییی توندڕەو لیژنەیەکی بان نەتەوایەتی (فوق القومیە) نەبووە. لەبەر ئەوە دەبێ تەنیا لە شێوەی جیاجیای توخمە مێژوویی و – سیاسییەکانی لە دیاردە تایبەتییە نەتەوەییەکەی دیاری بکرێ."

لە ڕاستیدا پێویستە لەسەر مێژوونووسەکان بپرسن بۆچی فاشیستەکان بە پێچەوانەی دەوڵەتەکانی دی توانیان لە ئەڵمانیا بنکەیەکی جەماوەری نەتەوەیی بۆ خۆیان ڕێک

بخەن؟ لەبەر چی هەربە هاتنە سـەر حوکم نەوەسـتانەوە بەڵکوو ڕژێمێکی دڕندانە و پڕۆژەی قڕانکردنیان دارشـت کە هیچ ڕژێمێکی فاشیستی دیکە، وا نەبووە.

لە دوای ساڵی 1945 گەلێ کەڕەت ڕۆژنامەگەری ئەمریکی بەرپرسیاری ڕووداوەکانی خستووەتە ئەستۆی (سروشتی نەتەوەییی ئەڵمـان بە تـایبەتیش (گەوهەری ئەڵمـانیـا) هەروەها زۆر توێژینەوەی زانسـتی جیاجیا هەبوو هەوڵی دا پـاڵپشـتی ئەم بیروڕایەی خوارەوە بکـا کە دەڵێ: سروشتی نەتەوایەتیی ئەڵمانی هەر لە زێدیەوە شەڕانی و ترسـناک و خوێناوی و دوژمنی شـارسـتانیەت بووە. (لۆکـاش) لە کتێبی (تحطيم العقـل)دا زۆر لە مێژووی پەرەسـەندنی فیکری لە ئەڵمانیا ورد بووەتەوە و هێزە کۆنەپەرەسـت و ئـایـدۆلۆژییە نـاعەقلانییەکـانی بە کاردانەوەی دەسەڵاتداران دانا لە دژی شۆڕشی فەرەنسی و ڕێبازە دیموکراتییەکان و لە دوایشـدا دژی بزووتنەوە کرێکاری. لە کـاتێکدا ئەمەیـان بە شـێوەیەکی گشـتی خاسـیەتی ئەورووپایانەی هەبوو لە هەمان کاتدا دووپاتی ئەوەی کردەوە کە ئەم ئـایـدیۆلۆژییە کـاریگەریی زۆر

تایبەتی بەسەر ئەڵمانیا هەبوو، هۆیەکانی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەڵمانیا بە شـــێوەیەکی زۆر درەنگ گەیشـــتە پەرەســـەنـدنی بۆرژوازیی هــاوچەرخ. هەروەهــا گەلە ئەورووپییە گەورەکــان، دەوڵەتی نەتەوەییی خۆیــان بە یەکخستنی ناوچە فیودالییەکان دروست کرد. بەڵام ئەمە لە ئەڵمانیا ڕووی نەدا (لە ســـەردەمێکی زۆر درەنگ نەبێ). لۆکاش هۆی ئەم شـێوە پێشـکەوتنە تایبەتییەی ئەڵمانیا بە تێکشـکانی هێزە پێشـکەوتووخوازەکان لە شـەڕی سـاڵانی 1525 و 1528ی جووتیاران و هەروا لە ئەنجامی شەڕی سی ساڵەی 1618 – 1648 لە قەڵەم دەدا.

تێکشـــکـانی جووتیـاران پەرەســـەنـدتێکی ئـابووری و ڕۆشنبیریی گەورەی لە سەدەی شازدەهەم و هەڤدەهەمدا هێنایە ئارا و لەو کاتەشـدا بۆرژوازی بەتوانا و سـەربەخۆ لە ئارادا نەبوو.

لە ناوڕاســـتی ســـەدەی هەژدەهەمدا ئابووریی ئەڵمانی بووژایەوە، هـاوشـــانی ئەمەش، بـاری ڕۆشـــنبیری و ئابووریی چینی بۆرژوازی هاتە مەیدان، لەو ســـەردەمەدا ئەم چینە، هێزێکی نەبوو بۆ وەدیهێنانی نەتەوایەتیی خۆی

و هێزی (ناپلیۆن)یش ئەوە نەبوو بتوانێ هەموو ئەڵمانیا داگیر بکا. دەسەڵاتی ناپلیۆن لەلایەن زۆربەی چینەکانی گەل وەکوو دەسەڵاتێکی نامۆ و چەوسێنەر لە قەڵەم دەدرا، لەبەر ئەوەی بزووتنەوەیەکی گەلی نەتەوەیی لە دژی بەرپا بوو و بە بزووتنەوەی ڕزگاریخواز ناو دەبرا.

لەناو ئەو هەلومەرجانەدا، دەرەبەگ و چینی بۆرژوازیی بەهێز توانیان جەماوەر بەوە بخافڵێنن کە (پێویستی بە ئازادی و یەکێتیی نەتەوەیی هەیە)، ئاگایان لە باری ناوەوە نەبوو و دژی دوژمنەکانی دەرەوە ئاراستەیان بکەن لەسەر بنچینەیەکی نەتەوەییی توندڕەوانە کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا بە شێوەیەکی ڕاست و ئامانج پێکانە داگیرسا و بەهۆی ئەم بنەمایانە، فاشیستەکان لە ئەڵمانیا بە شێوەیەکی زۆر خێرا و کاریگەرییەکی بەهێز بەسەر جەماوەرەوە بەهۆی پڕوپاگەندەی شۆڤێنیانەی زۆر کە لە هی تێکڕای دەوڵەتانی دیکە زیاتر بوو، توانیان سەر بکەون. ئەم حەماسەتە نەتەوەییییە شۆڕشگێڕ و دادپەروەرەی گۆڕی بۆ سیاسەتێکی کۆنەپەرست و شۆڤێنییانە و کاری بۆ موڵکدارە وابەستەیە (ئەشراف و

خانەدان) و بۆرژوا گەورەکان ئاســــان کرد کە لەبارەی ســــیاســــەتی ناوخۆوە، جەماوەری خەڵەفاند و لە لایەکی دیکەوە گرنگترین هاوپەیمان لە شۆڕشی دیموکراتی دزرا. لێرەدا یەکێتیی نەتەوەیی بەهۆی جەمــاوەری گەلەوە نەهـاتەدی، بەڵکە بەهۆی هێزە پروســــیە کۆنەپەرســـــتە ســـــەربازییەکانەوە لە ســــاڵانی 1866-1871 هاتەدی، بەوەش ئایدۆلۆژی ئیستبدادی نەتەوەیی بەهێز کرا.

ئینجا لۆکاش باســـــی چەند گرێیەک دەکا: یەکەم نارەزایی گشــتی نەتەوەیی دژی پەیمانی (ڤێرســـای)، ســـیاســـەتی هەڵپەرستانەی سۆسیال دیموکرات و لاوازی شیوعیەکان ڕێگای نەدا شـــــۆڕشـــــێکی ڕادیکاڵییانە بەرپا بکرێ وەک ئەوەی لە ڕووسیا بەرپا کرا. تا گەل لەژێر باری ملکەچیی سەردەمی کۆن و ئەنجامەکانی شەڕ و تێکشکانی شۆڕشی چینە مامناوەندییەکانی ساڵی 1918 و بێهیواییی جەماوەر لە ئەنجامە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم شۆڕشە ڕزگار بکرێ.

ئەم پەرەســــــەندنە تایبەتییە بووە هۆی ئەوەی فاشــــیزم دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ.

## تیۆری (فاشیزم وەک بزووتنەوەی چینی ناوەند)

بنکەی کۆمەڵایەتیی بزووتنەوە فاشیستەکان

ئەم لێکۆڵینەوەیە دوولایەنە لە دوو بەش پێک دێت

- تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان
- تیۆرە دەروونییەکان

### ١. تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان:

(تێودۆر کایگە)ی توێژەری کۆمەڵایەتی لە کتێبەکەی (چینە کۆمەڵایەتییەکانی گەلی ئەڵمانی)دا دەڵێ: بەر لە هەموو شتێک ئەوانەی پشتگیری حزبە ناوەندە میانڕەوەکان و ڕاسترەوی موعتەدیلیان کرد بەر لە قەیرانە ئابوورییە گەورەکەی چینەکانی ناوەڕاست کە بە هیچ جۆرێک بەشداری هەڵبژاردنیان نەکرد. لەبەر ئەوە دەنگی ئەم حزبانە لە هەڵبژاردنی (ڕایخ) لە ساڵی 1928 تا ساڵی 1932 بە ڕێژەی (7 و 38 تا 6 و 9)ی سەرجەمی دەنگەکان کەم بووەوە. لە سەرجەمی (9 و 11) ملیۆن بۆ (5و3) ملیۆن دەنگدەر. بەهۆی بوونی هەلومەرجی ئایینی و نەتەوەییی ناوەندەکانی حزبی کاسیۆلیکی و حیزبی گەل

لە بایرن توانیان لە هەڵبژاردندا پارێزگاری دەنگەکانیان بکەن بە گوێرەی بۆچوونی (geer hard) گیرهارد ڕیتە، جەماوەری هاوچەرخ لە کۆمەڵگای پیشـەسازیی هاوچەرخ (جەماوەری بەرفراوانی شـار ناوەندە پیشـەسـازییەکان) بەرەو هیتلەر چوون. لێرەدا (روبکە فایسـس) دەڵێ : "لە ڕاسـتیدا سـۆسـیالیزمی نەتەوەیی بە قووڵی لەناو چینی پڕۆلیتاریا دا ڕەگی داکوتا" تاوەکوو یوسف شێرا ویسیش وای دەبینی: کە شـانبەشـانی چینەکانی ناوەڕاسـت زۆریان پێکهێنەری پڕۆلیتاری بەهێزیش لەم مەسـەلەیەدا هەبوو. هەروەها (ف . هاکمان) نووسـیویەتی: ئەوانە هەر هەمان جەماوەر بوون کە پێشـتر لە ڕیزی حزبە مارکسـییەکاندا بوون. هەر لەم پەیوەندەدا زانای ئەمریکی (س.م لیبسـیت) ڕایگەیاند کە "فاشـیزم توندڕەویی ناوەڕاسـتە- مەبەسـتی چینەکانی ناوەڕاستە"

هەریەکێک لە (کایکە) و (لیبسـیت) و ئەوانە لەدوای ئەوان هاتوون لایەنگری تیۆری چینەکانی ناوەڕاسـتن و هەوڵیان داوە ئەوە ڕوون بکەنەوە کە بۆچی زۆربەی بەشـدارانی هەڵبژاردن وەک ئەندامی حزبە فاشـیستەکان لە چینەکانی

ناوەڕاســـتن و مەترســـییەکی گەورە لە چەپ دەکرا کە دەسەڵاتی سۆسیالیزم بسەپێنێ و لەلایەن ڕاستەوە ترسی ئەوەیان لێ نیشـــتبوو کە ڕێکخســـتنی ئابووریی گەورە بسەپێنن- قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری بۆ موڵکداریێتیی چینی نــاوەڕاســــت ئـامـادەکردنێکی دەروونی بوو بۆ توندڕەویی بۆرژوایی بچووک.

لە یەکێ لەو بڕگانەی کە (لیبســـیت) لە بەرنامەی حزبی نیشـتمانیی ناوچەی شـلیشـفیک هۆلشـتاین -ناوچەیەکە لە باکووری ئەڵمانیا- وەرگرتووە، دەڵێ "ئەوانەی کە لەدوای ئەوەدا لە حزبی ســـۆســـیالیزمی نەتەوەیی وەرگیران"، بە شـێوەیەکی زۆر هورد گوزارشـتی لەم سـروشـتە کردووە، "دەبێ لایەنگری لە پیشـەوەران بکەن دژ بە سـەرمایەداران چونکە لە هەڕەشــــە لە فابریکەکانیان دەکەن"، لە لایەکی دیکەشـــدا، لە دژی ســـۆســـیالخوازەکان کە هەوڵ دەدەن بیـانکەنە کرێکـاری پرۆلیتـاری هەروەک لە هەمـان کـاتـدا دەبێ لە ترسی سۆسیالیزم، پارێزگاری لە بازرگانیی تاک بکەن". حزبی ناسـیۆنال سـۆسـیالیسـتی ئەم بیرۆکەیە بەم

شـــــێوەیە بەرز کردووەتەوە: دژی ســــەرمـایەدار و مارکسییەت.

(لیبســـیت) ئەوە دووپات دەکاتەوە کە پیاوە خاوەن کارە بچووکەکان زۆر ترسیان لە ڕێبازی گەلەکۆمەکی و دەست بەسەراگرتنی قەیرانی ئابووری و جەنگ هەیە - ئاماژە بۆ زۆر بوونی ڕێژەی خزمەتگوزاران دەکـا کە بە ڕێژەی 11.3% لە ساڵی 1873 تا 21.6% لە ساڵی 1914 زیاد کردووە ئەمەش بەهۆی دەست بەسەراگرتنی سەرمایەدار و زۆری پێداویستی کارگەکان بە فەرمانبەر و خزمەتگوزار بۆ بەڕێوەبردن و دابەشکردن و ڕێکخستن... هتد. بێگومان ئەم پێداویســـتییە دامودەزگای داپڵۆســـینی گرتەوە وەک پۆلیس و ســوپا زۆربەی ئەمانەش لە چینە بچووکەکانەوە هاتن و لە باری ئابوورییەوە بێلایەن بوون و هیوایان بە سـیاسـەتی سـۆسـیال دیموکرات و سـەندیکاکان نەمابوو ئەمەش بە شــــێوەیەکی ڕوون لە کۆماری فایمار بەدیار کەوت. بۆیە تێکڕای ئەمـانە، هـانیـدان بۆ ئەوەی بەرەو ڕاست، واتە بەرەو فاشیزم بڕۆن... هتد.

تەنیــا بۆ تێبینی: ئەم بیروبــاوەڕانە لەبــارەی ئەم بنکە جەمـاوەرییە بەرفراوانەی فـاشـــیزم لەگەڵ بیروبـاوەڕ و تیۆرەکانی (فاشیزمی زادەی سەرکردە)یە بەراورد بکەن.

## ٢. تیۆرە دەروونییەکان

(ڕایش) لە توێژینەوەکەیدا (لێتوێژینەوە لەبارەی ڕاســـتی مێژووی پێکهاتنی سروشتی مرۆڤ لە یەکێ لە چەرخەکان و پێکهــاتنی ئـایـدۆلۆژی کۆمەڵگـا – ســـەرچـاوە (ســــایکۆلۆژیەتی جەمـاوەر - لا 42) کە باســـی ڕۆڵی ئایدۆلۆژی و هەڵوێســـتی ســـۆزئامێزانەی ئەم جەماوەرە وەک ڕاســـتییەکی مێژوویی و کـاردانەوەی ئـایـدۆلۆژیـا بەســـەر بنکەی ئابووری (هەمان ســـەرچاوە لا 37) و کاریگەرێتیی ســــایکۆلۆژیی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بەسەر تاکەکان دەکا.

ئەمەش مـانـای ئەوەیە کە دروســـتبوونی ئـایـدۆلۆژی لە مێشکی مرۆڤ، واتە پێکهاتەی ئابووریی کۆمەڵ و بونیادی سـەرخانی ئایدۆلۆژی و بەم ڕێگەیە، تێگەیشـتن لە هۆکانی

و لە تێگەیشــتنی مادییانەی مێژوو بە شــێوەیەکی گشــتی. هەروەهــا هەڵــدەســــتێ بە لێکۆڵینەوە لەبــارەی ئەو فەرمانبەرانە کە لە ســەرەوە ســەرۆکایەتیان دەکرێ، بەڵام وەک نوێنەری دەسەڵات لە بەرانبەر ئەوانەی وەک پلەوپایە لە ژێریانەوەن. چونکە تایبەتمەندیی هەڵســوکەوتیان لەگەڵ دەســـــەڵاتداری دەوڵەت بەرانبەر کەســـــانی خاوەن پلەی خــوارتــر، بە تەواوی پــیــادە دەبــێ. هەرچەنــدە بــواری ئابووریشیان خراپ بێ هەر بۆ سەرووی خۆیان دەڕوانن و هەروەها بە شــێوەیەکی تایبەتی باســی ڕۆڵی باوکان و خێزانە ئیســـــتبدادییەکان دەکا لە بواری پەروەردەیی و سیستمی ئیستبدادی ئەو باوکانە وەک نوێنەری (دەسەڵات) لەناو هەر خێزانێک؛ڕۆڵی باوکان لە شــێوەی بەرهەمهێنان و پەیوەندییان لەگەڵ ســــەرکارەکانیان لەناو خێزانەکانیان بە تایبەتیش لەسەر کوڕەکانیان ڕەنگ دەداتەوە و دەڵێ: ئا بەم شـــــێوەیە خێزان دەبێتە یەکەم کۆپی و کــاکڵەیی بۆ هەموو شــێوەکانی بیروباوەڕی کۆنەپەرســتانە. هەروەها ئاماژە بۆ ڕۆڵی ئایین و کڵێســا و چەوســانەوەی حەزەکان و بە شێوەیەکی تایبەتی پێداویستییە سێکسییەکان دەکا و دەڵێ: ســــەرکوتکردنی ئــارەزووی ســــێکســـــی ڕۆڵی

یەکلاکەرەوە دەبینێ و بە کۆمەکی ئایینەوە ئەنجام دەدرێ. ئـا ئەمـانە مەرجگەلی گرنگن لە پێکهـاتنی خێزانە بۆرژواکان.

ئەمە بنچینەیەکی جەوهەرییە لە دروستکردنی بونیەویانەی خەڵکە بۆرژوا بچووکەکان و ئەم ترسـە وا لە خەڵک دەکا نێگەتیف بن و لە سـیاسـەت بڕەوێنەوە و هانیان دەدا بۆ گرتنەبەری ڕێگـای دیکە وەک جێگرێـک بۆ بەدیهێنـان و تێرکرنی ئارەزووەکانیان کە ڕەنگە بە شـێوەیەکی سـادیانە دەرببرِدرێ هەروەها ڕەنگە سەرنجڕاکێشانی سێکسییەک ڕەنگی جلوبەرگ و نمایشی سەربازی شتی دیکە بێ :

بەپێی ئەو بنچینـانەی ئـامـاژەمـان بۆ کرد، چینەکـانی ناوەڕاسـت بە شـێوەیەکی تایبەتی ئامادە کران بۆ ئەوەی بەدوای هێزێک بکەون سـەرکردایەتییەکەی بە شـێوەیەکی تەواو خودی و بـابەتییـانە دژی بەرژەوەنـدییەکـانی جەماوەری کرێکاران بێت.

(ئەریـک فـرۆم) هەوڵ دەدا هەر لە سـەرەتـای سـەرمـایەدارییەوە لە پەرەسـەنـدنی ئەم چیـنـانە توێژینەوەکانی بکا و بەم ڕێگەوە دووپاتی پەرەسـەندنی

تایبەتی مێژووی ئەڵمانیا دەکا و لەو باوەڕەدایە کە هیتلەر توانیویەتی دەستکەوتێکی زۆر بەدەست بهێنێ، چونکە ئەو چ لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە و چ لە لایەنی ئیـدۆلۆژییەوە، نوێنەری بیۆێنەی بۆرژوای بچووک بوو. ئەو نموونەی بەشـــێکی گەورەی بۆرژوای بچووکی ئەڵمـانیـا و وڵاتە ئەوروپییەکانی دیکە بوو.

لە ماوەی دوای جەنگ -مەبەستی جەنگی جیهانیی یەکەم- پەرەســـەندنێکی زۆر گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، چونکە تێکچوونی ئابووریی چینە کۆنەکانی ناوەڕاســت گەیشــتە دوا پلەکانی، ئەوەش بە شێوەیەکی خێرا لە ماوەی قەیرانی سالی 1923 ڕووی دا و سالانی 1924 تـــا 1928 بە ســالانی باشــبوونی باری ئابووری لە قەڵەم درا و هیوا و قازانجی نوێی بە چینەکانی ناوڕاســت بەخشــی، بەڵام ئەو قەیرانە کە لە ســـالی1929 ڕووی دا، هەمووی تێک دا و پرۆلیتاریا تووشی گەورەترین کارەسات هاتن.

ســـەرەنجامی دۆڕاندنی شـــەڕ و ڕووخانی پاشـــایەتی، هۆشمەندی شڵەقا و ڕژا. فرۆم سادیزم و ماسۆشیزم و سـروشـتی دەسـەڵاتداری لە یەک تەرازوو دادەنێ، چونکە

ئەم دوو حالّەتە بە ســـەریەکدا پیادە دەبن و دەڵێ: هیتلەر توانی ســـەرکەوتن بەدەســـت بهێنێ، تەنیا لەبەر ئەوەی نوێنەری ئیـدۆلۆژی و کۆمەڵایەتیی بێوێنەی بۆرژوای بچووک بوو.

قەدەر لە ڕوودانی جەنگەکان بەرپرســیارە کە هەر قەدەر خۆیەتی لەبەر ئەوەی هەندێ کەس دەبنە دەســـەڵاتدار و هەندێکیش حوکم بەســـەردادراو و هەر قەدەرە کە ئاوازی ژانەکـانی قەت دەنـگ دەرنـاکـا. فرۆم بـاوەڕی وایە کە مەترسیی فاشیزم قەت تەواو نابێ تا سەرمایەدار مابێ.

**فاشیزم وەک دەسەڵاتێکی تۆتالیتاری:**

لە بەشـــی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا باســـی ئەم تیۆرەم کرد و لێرەدا تەنیا دەمەوێ بیروڕایەکانی (راینهال کوینل) بە شێوەیەکی زۆر کورت بخەمە سەر مێژووی سەرەتای ئەم تیۆرە کە ئەویش دەڵێ: بیروڕای سۆسیال دیموکرات و بەتایبەتی کتێبی (کارل کاوتســـی) لەبارەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا -1918-، کاریگەرییەکی تایبەتی بەســـەر ئەم تیۆرەوە هەیە. لە ماوەی (کۆماری ڤایمار)و دوای ســاڵانی 1933، ســـۆســـیـال دیـمـوکـراتەکـان و لـیـبـڕاڵ و

پارێزکارەکانیش دوای بەزاندنی هێزەکانی فاشـــیزم لە ســالّی 1945 لە قۆناغی گوێزانەوە بۆ شــەڕی ســاردی سـالاّنی (1947-1948)، هەموویان، کۆمۆنیزمیان بە تاکە ترســێکی جەوهەری دادەنا. لە ســالّی 1917شــدا هەمان شـــت لە دژی شـــۆڕشـــی ڕووســـی ڕووی دا... ئەمەش لەبارەی بەراوردکردنی نێوان دیکتاتۆری و دیموکراتییەوە بوو.

**فاشیزم وەک مۆدێرنیست:**

بنچینەیەکی تیۆری گشـــتییە لە بارەی تیۆری کۆمەڵگای پیشـــەســـــازییەوە (ف.ف ڕوســـتون) و تیۆرەکەی وەک(جیگری گەشـــەســـەندنی تیۆری مارکســـی) داناوە. خەسڵەتە سـەرەکییەکانی ئەم تیۆرە توێژینەوەیە لە ئاسـتە جیاجیاکانی پەرەسـەندنی زانسـت و تەکنیک لەم کاتەشـدا وەک بەرزترین قۆناغ لە هەندێ لەو وڵاتانە کە کۆمەڵگای پیشەسازی تێدا گەیشتۆتە قۆناغێکی پێشکەوتوو. هەروەها شـێوەی ڕێکخسـتنی کۆمەڵگا و پەیوەندیی موڵکدارێتی لەم لێتۆژینەوەیەدا شتێکی جەوهەری نییە.

بەم شـــێوە دەری دەخەن کە ســـۆســـیالیزم جێگری ســـــەرمایەداری نییە، بەڵکوو شـــێوەیەکی دواکەوتووە و بەرەو گەیشتن بە کۆمەڵگا پیشـەسازی بە ڕێگاوەیە و ئەم پرسـیارەش دەخەنە ڕوو: چۆن دەکرێ پێناسـەی فاشـیزم بکرێ لە ڕوانگەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ پەرەســـــەندنی پیشەسازی و کرداری نوێکردنەوە.

مێژوونووسـی کۆمەڵایەتیی ئەمریکی (بارینکتون مور) ئەم لێتۆژینەوەیە دەنووسـێ و لەگەڵ چاوپێداخشـاندنەوەیەکی تـایبەتی بە ئەڵمـانیـا و ژاپۆن و ئیتـاڵیـا، ئەم جۆرە تایبەتمەندی و حەتمیەتانە بەدیار دەخا:

لە کاتی پەرەســەندن بە ڕێگای یەکەم و دوای زنجیرەیەک لە شـۆڕشـی بۆرژوازی، بەسـتنەوەی سـەرمایەداری بە دیموکراتی-هەروا ڕێگـای دووەمیش هەر هەمـان ڕێگـای سـەرمایەداری بوو. لێرەشـدا هیچ تەوژمێکی شـۆڕشـگێری نەبوو و سـەرەنجام بە گرتنەبەری سـیاسـەتی جۆراجۆی کۆنەپەرســتانە، دەســەڵات درا بە دەســت فاشــییەت و بنچینەیی بەرنـامەکەیـان بریتی بوو لە (ســــەرکوتکردنی نـاوخۆیی و گرتنەبەری ســـیـاســـەتی فراوانخوازی لە

دەرەوە). ئەمەش هاوپەیمانێتی نێوان چینە سەرکردەکانی بازرگانی و پیشەسازی و چینە تەقلیدییەکانی بوو؛ هاوپەیمانێتیەک بوو لە دژی جووتیار و کرێکارە پیشەسازەکان ڕاوەستا هەروەک ڕاینهارد کونیل دەڵێ: بەبێ هیچ گومانێک (مۆر) بە شێوەیەکی باوەڕپێکراو سەلماندی کە بەردەوامبوونی نەریتی دەرەبەگی و چینەکانی سەرەوەو موڵکدارێتی لە هەندێ وڵاتدا وای کرد، زەمینە بۆ ئیدۆلۆژییەتی فاشیزم خۆش ببێ و بووە هۆی سەرکەوتنیشی. بەڵام لەناو چینە دەسەڵاتدارەکان و بە شێوەیەکی سەرەکیش تەنیا دەرەبەگەکان نەهاتنە ناو ڕێکخستنی ڕژێمی فاشیستەوە "واتە باڵی بڕیاردەر لەناو پیشەسازی و سەرمایەی بانکی" بوو.

## فاشیزم وەک دیکتاتۆرییەتی سەرمایەی دارایی:

(کورت کوسفایلە) لێتوێژەرێکی مارکسییە لەبارەی بابەتی فاشیزم و یەکێکە لە گەورە ئەکادیمییەکانی زانستی سیاسی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات- لەبارەی بۆچوونی زانستییانەی مارکسیزم لە ماهیەتی فاشیزم، دەڵێ:

شێوەکانی پەیدابوونی فاشیزمم بە شێوەیەکی سەرەکی لا گرنگ نییە بەڵکوو سروشتە چینایەتییەکەیم لەلا گرنگە. بەڵام ئەمە نە ڕەچەڵەکی کۆمەڵایەتی ئەو سەرکردە فاشیستانە دەردەخات، نە پێکهاتی کۆمەڵایەتیی سەرکردە فاشیستەکان نە ئەوانەش کە پێوەوەی بەندن، هەروا پەیوەندیشی نە بە بەرنامە و ئەو درووشمانەوە هەیە کە پڕوپاگەندەی فاشیزمی دەیەوێ بە هۆیەوە جەماوەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. سروشتی چینایەتی وەک هەر هێزێکی دیکەی سیاسی دیکە تەنیا بۆ خۆی لە سیاسەتەکەیدا دیاری دەکرێ.  ئەمەش مانای ئەوەیە دەتوانرێ هەر (هەڵویستێکی فاشیستی) لە ڕوانگەی وەرگرتنی هەڵوێستی بەرانبەر بە تێکۆشانی چینایەتی لەنێوان پرۆلیتاریا و بورژوا "لەنێوان جەماوەری گەل و سەرمایەداریی دارایی"دا دیاری بکرێ.

کۆسفایلە لەسەر بناغەی تیۆری لینین لەبارەی ئیمپریالیزمەوە پێناسەی فاشیزم دەکا و دەڵێ: فاشیزم داو مەبەستی بەندە بەوە تا بەرەو کونەپەرستی و ڕاودونان بچێ. ئەمەش دەسەڵاتی ئیمپریالیزم لە سەردەمی

سەرمایەی دارایی مۆنۆپۆلی کە بۆ قۆناغی وەرگرتنی دەسەڵاتدارێتی دەگوێزرێتەوە، نەوەک بەرەو ئازادی. ئەم دەسەڵاتەش لەژێر هەر سیستەمێکی سیاسی جیاجیادا بێ هەر لە یەک دەچێ و بە درێژاییی ڕێگاکە هەر کونەپەرستە و لووتکەی پووکانەوەی ناکۆکییەکان دەنوێنێ کە ئەمەش ئەنجامەکانی ئەم ڕێبازەیە. مۆنۆپۆلەکان بەرەو ئەوە دەچن لە بوارە ئابووری و سیاسییەکاندا بەتەنیا دەست بەسەر دەسەڵاتدارێتیدا بگرن.

دیموکراتی و پەرلەمانی بۆرژوازی توانایەکی دیاریکراو بە زەحمەتکێش و بورژوازی نامۆنۆپۆل دەدەن بۆ بەرگریکردن لە خۆی دژی چەوسانەوە و بە تالانبردنی بێ ئەندازە بە هۆی سەرمایەی دارایی لەبەر ئەوە سەرمایەی داراییش هەوڵ دەدا ئەم توانایە بە ڕێگای دامەزراندنی دەسەڵاتە سیاسییەکەی خۆی ـــــ وەک ـــــ تەوژمێکی سیاسی و شێوەی حوکمدان لەناو ببا.

فاشیزم وەک ڕەوتێکی سیاسی و شێوەیەکی دەسەڵاتدارێتی لەگەڵ ئیمپریالیزم لەیەک وەخت نەهاتە سەر شانۆی مێژوویی جیهانی، بەڵکوو یەکەمین جار

دوای شـــەری جیهانیی یەکەم دەســـەڵاتی گرتەدەســـت. ئیمپریـــالیزم لە بـــارێکی مێژوویی دیـــاریکراو بەرەو کۆنەپەرستی و ڕاونانی شێوە فاشیانە ڕۆیشت. ئەم بارە بەر لە هەموو شـــتێـک ئەوەمـان پێ ڕادەگەیەنێ کەوا سەرمایەداری پێی ناوەتە ناوە قەیرانێکی گەشتیدا.

لێرەدا دەمانەوێ لەبارەی مێژووی پەیوەندی نێوان پارتی ناســـیونال ســـۆســـیالیســـتی کرێکاری( NSDAP) و ســـەرمـایەی دارایی لەنێوان ئۆکتۆبەری 1923 و 30 یەنیوەری 1933 بخەمە ڕوو کە لە گۆڤـاری ((ڤـایلە))دا بڵاو کراوەتەوە.

١٩٢٣/٩/٨: هەر لە کودەتایەکەی هیتلەر و لودن دورف لە میونیخ لە ئۆکتوبەری1923: مریتس تیس لە ڕێگـای لۆدۆن دۆرفەوە بڕی (100,000) مارکی زێرین بۆ حزبی سۆسیالیزمی نەتەوەیی کرێکاری ئەڵمان دەنێرێ.

١٩٢٤/٤/١-٢/٢٤ : دادگاییکردنی هیتلەر و لودن دورف و ئەوانی دیکە لە میونخ. دادگـا مـاوەی بە هیتلەر دا ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی پروپـاگەنـدە بۆ حیزبەکەی بکا.

دوای ســـــاڵی 1925: تیس جارێکی دیکەش پشـــــتگیری (NSDAP)دەکا لەگەڵ ئەوەشــــدا لە حزبێکی دیکە کاری دەکرد کە ناوی حزبی گەلی نەتەوەییی ئەڵمانی بوو.

١٩٢٦: هیتلەر لە کۆبوونەوەی جیـاجیـا لەگەڵی نـاوچەی ئەڵمانیا و هەروەها لە بەردەم ســــەرمایەدارە گەورەکان وتار دەدا.

١٩٢٧ (ڤیلهیم کیلبەر) کە ســــەرمـایەدارێکی کەرتی پیشەسازیی کیمیاییەکان بوو دەچێتە ڕیزی (NSDAP)

١٩٢٧/٧/٤(ئیمیل کیرۆڤ ) یەکێکە لە پیاوە هەرە گەورە و خاوەن دەسەڵاتەکانی پیشـەسازیی خەڵوز لەگەڵ هیتلەردا پەیوەندیی شـــەخســـی دروســـت دەکا و ڕیزەکانی حزبی گەلی نەتەوەییی ئەڵمـانی بەجێ دەهێڵێ و دەچێتە نـاو (NSDAP)و ژمارەی ئەندامێتیەکەی (71022) و، کاری بۆ ئەوە دەکرد (NSDAP) پارە لە ســــندوقی یارمەتییە سیاسییەکانی یەکێتیی پیشەسازیی کانەکان وەرگرێ.

١٩٢٨/٨: دوای ئەوەی (هوکن بیرک) ســەرۆکایەتیی حزبی گەلی نەتەوەیی بەدەســـتەوە گرت، (کیرۆف) بۆ ناو حزبی ناوبراو گەڕایەوە.

بەڵام درێژەی بە پەیوەندیی شەخسی خۆی لەگەڵ هیتلەردا و بەردەوام هەوڵی دەدا(NSDAP) پشـــتگیری پۆلی لە پیشەسازییە قورسەکان دەست بکەوێ.

١٩٢٨/٩: ئۆتۆ دیتریش "مێردی کچی ســەرۆکی دەســتەی نووسەرانی ڕۆژنامەی پیشەسازییە قورسەکان لە ناوچەی ((راین فیســتیڤاڵ)) کە ناوی ڕایس مان کرۆنەیە تا ئەوکاتە بەڕێوبەری بازرگانیی ڕۆژنامەی ئێوانی ئەڵمانی نەتەوەییی میونخ ـ ئۆکست بورگ ـ بووە، دەچێتە ڕیزی NSDAP و پەیوەندییەکانی بە پیشـەسازیی خەڵوز درێژە پێ دەدا و دەبێتە بەڕێوبەری کاری ڕۆژنامەگەریی حزبی ناوبراو.

١٩٢٨-١٩٢٩: بەرنامەی ناوبراو کە بە ناوی بەرنامەی 25 خاڵیNSDAP نـاســـراوە، ئەو هێرشـــانە کە لەدژی سـەرمایەداران کراوە، لا دەبا و تەنیا ئەو هێرشـە نەبێ کە کراوەتە سەر سەرمایەداری (جوولەکەی چاوچنۆک).

ئابی 1929 -1930 : هاوپەیمانێتیی بەهێز لەنێوان (حزبی ناسیۆنالی) ئەڵمانی و (NSDAP) لەسەر هەڵمەتی هەڵبژاردن (joun plan)

کۆتاییەکانی 1930: سەرەتای پشتگیریکردنی (کورت فون سترویدە)ی خاوەن بانک لە .(NSDAP)

سێپتێمبەری 1930: سەرکەوتنی مەزنی (NSDAP) لە هەڵبژاردنی پەرلەمان "ملیۆنان مارکەکەی سەرمایەدارەکان، (6) ملیۆن دەنگی هێنا".

١٩٣٠/٩/٢٥ لە دادگای دەوڵەت دژ بە ناسیونال سۆسیالیست و ئەفسەرانی سوپا وەک لودین و شیرنکەو فیندت، شەرعییەت بە هیتلەر درا.

کۆتایی سێپتێمبەری (1930) هاتنی (فالتەر تینکل مان) بەڕێوەبەری کانە خەڵوزەکان لە ناوچەی (کلیزن کیرشە) بۆ ناو (NSDAP)

پاییزی 1930: (هابلیمار شاخت) بۆ ئەمریکا سەفەر دەکات و لەگەڵ گەورە پیاوانی دارایی و سامانداری ئەمریکا گفتوگۆ دەکا تا قەناعەتیان پێ بهێنێ کە هاتنی

حکوومەتێکی نازی ترس بۆ سەر پڕۆژەکانی سەرمایەداریی ئەمریکا لە ئەڵمانیا دروست ناکا، بەڵکوو لە بۆلشەوییەکان دەیپارێزێ.

١٩٣٠/١/٥: چاوپێکەوتنی هیتلەر لەگەڵ سەرۆکوەزیران (درینیک) کە یەکتربینین لەگەڵ بەڕێوەبەری بانقی ئەڵمانی و کۆمپانیای (دیسکونتۆ) و(ئەمیل کیورک و فون شتراوس) بە دوا هات و لەو ساتەوە تا ئیستا ئەندامی حزبی گەلی نەتەوەییی ئەڵمانییە و ئەمەش سەرەتای پشتگیریکردنی بوو بۆ (NSDAP)

کۆتاییی ساڵی 1930: (فالتەر فونک) کە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (بۆرسەکان) لە بەرلین بوو، چووە ڕیزی (NSDAP) و دوایی دەبێتە ڕاوێژکاری ئابووریی حزب و بەرپرسیاریی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ناوەندە بانکی و پیشەسازییەکان.

١٩٣٠: (ئوگیست فیلهیلم) ئەمیری گومرگەکان دەداتە پاڵ (NSDAP).

١٩٣٠/١٢/٢٥: ڕاگەیـانـدنێکی ژەنەڕاڵ (فۆسـیکـت) لە ڕۆژنامەی سـەراپای ئەڵمانیا لەسـەر پرسـیارێک کە دەڵێ: ئایا حزبی هیتلەر حەز دەکا بەشـداری حکوومەت بکا؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: من بەبێ دوودڵی دەڵێم بەڵێ.

هەر لە هەمان ژمارەدا (یونگە فون ئولدنبورگ) وتوویەتی: بە قەناعەتی من (NSDAP) بێ هیچ دەمەتەقێیەک مافی ئەوەی هەیە لە پاشەڕۆژدا حکوومەت دابمەزرێنێ.

سەرەتای ساڵی 1931: یەکێک لە سەرکردە نازییەکان کە (پاول شـولس)ی پیاوکوژ بوو لە ئیسـن(شـارێکی گەورەی پیشەسازی)یە چاوپێکەوتنی لەگەڵ گەورە پیاوان و خاوەن کانە خەڵوزەکان سـاز دا. لەم چاوپێکەوتنانەدا بڕیار درا مـانگـانە بە (10) هەزار مـارک پشـتگیری (NSDAP) بکرێ.

١٩٣١/٣/١: خێزانی (تیسن) چوونە ڕیزی(NSDAP)یەوە.

سـەرەتای هاوینی 1931 وەلی عەهد (ڤیلهێلم) پەیوەندیی شەخسی لەگەڵ هیتلەردا پەیدا کرد.

هـاوینی 1931 هیتلەر لە چـاوپێکەوتنێکی نهێنیـدا لەگەڵ پیاوە پیشـەسـازەکان بە ئاشـکرا بۆ خەڵکێکی زۆر قسـە دەکا،

یۆنی 1931: پاشـا (ئوغسـت) بە ئاشـکرا چاوی بە هیتلەر دەکەوێ.

١٩٣١/٦/١٩: چـاوپێکەوتنی (ئەدمۆنـد شـــتنس) لەگەڵ هیتلەر.

١٩٣١/٧/٩: نـامەی (ئەدمۆند شـــتنس) بۆ هیتلەر کە تێدا هـاتووە: بەرفراوانکردنی نـاوچەکـانی ئەڵمـانیـا بەرەو ڕۆژهەڵات و خوارووی ئەوروپا لەم ســاتەوەختەدا بەدی بهێنین.

بەڵام لە ڕوانگەی بەردەوامبوونی لەسەر نەهێشتنی هەموو ســـەرکەوتن و چـارەســـەرکردنی گیروگرفتەکـانمـان لە ڕۆژهەڵات (ڕۆژهەڵاتی ئەڵمـانیـا) کە داوامـان لێ دەکـا ڕەزامەنـدی لەنـدەن و واشـــنتون وەرگرین. من لەکـاتی چـاوپێکەوتنەکـانمـانـدا زۆر بـاش دەزانم کە ئێوە ئەی هیتلەری بەڕێز بێگومان ســـنووری تواناکانی ئیســـتامان

دەزانن. تەنیا دەبێ ئاگادار بین ودەبێ هەنگاو بە هەنگاو برۆین و پلە بە پلە سەربکەوین.

گەشبینم بەوەی کە ئێوە لە ئەرکە قورسەکانی سەرشانتان ســەرکەوتن بەدەســت دەهێنن و دەتوانن بە نۆرە جڵەوی ڕِابوونی ئەم هەستە بە نۆرە بەدەستەوە بگرین.

١٩٣٠/٧/٢٧: کۆمەڵەی ئابووریی ســیاســیی فرانکفۆرت بە ڕەزامەندی ســکرتێری کۆمەڵەی یەکێتییە نیشــتمانییەکان داوایان کرد (رویدنکە فون دیرکولتس) ســەرۆکایەتی بداتە (هندن بیرک) و باســی ئەوە دەکات ئۆپۆزیســیۆنی نەتەوایەتیی هیتلەر، دوا یەدەکی ئەڵمانیایە و ئێمەش وەک بنکەیەکی ئابووریی ئەڵمانیا لە پشتتانەوە دەوەستین.

١٩٣١/١٠/١٠: یەکەم گفتوگۆی ســـەرۆکی دەوڵەت (هندن بورگ) لەگەڵ (هیتلەر) و(کورنیک) لەبارەی بەشــداربوونی نازیزم لە حکوومەتدا.

١٩٣١/١٠/١١: ســــازدانــی ئەو کـۆبــوونەوانە کە بە بەرهەڵًســتی نەتەوەییی ناوبراو بە (NSDAP) ناو برا

کـــــــــــــــــــه (شتال هیلم) و حزبی گەلی نەتەوەییی ئەڵمانی و هەندێکی دیکە تێیدا بەشدار بوون.

١٩٣١/١٠/٢٧: (س. ف) لە کۆمپانیای (ســیمنز)ەوە لە کاتی ئەو میوانـدارییە کە کۆمپـانیـای (جەنەراڵ ئەلکتریـک) لە نیویۆرک پێی هەڵـدەســـتێ، لە بەردەم نوێنەری گەورە پیاوانی دارایی ئەمریکییەکاندا قســـە دەکا و دەڵێ: ڕەگی بزووتنەوەی هیتلەر، تێکۆشـــانە دژ بە ســۆســیالیزم واتە مارکسیزم.

دیســـەمبەری 1931: فریتس تیســـن دەبێتە ئەنـدامی ((NSDAP).

١٩٣٢/١/١٦: کۆڕێکی هیتلەر لە بەردەم ســـەردات پیاوی مۆنۆپۆل لە یانەی پیشەسازی لە شاری (دیسلدۆرف) ئەم کۆڕە لەگەڵ (فریتس شیسن) ڕێکخرابوو.

١٩٣٢/١/٢٧: کۆبوونەوەی نهێنیی سەرکردایەتیی نوێنەرانی یەکێتیی کۆمپانیاکانی ئاسن (تیس بوینسکن فویلکر) لەگەڵ هیتلەر و (کوبرینک) و(زویم). ئەم کۆبوونەوەیە بووە هۆی دامەزراندنی حکوومەتی نازیزم .

فیبریوەری 1932: گفتوگۆ لەنێوان فردریش فلیـک و هیتلەر کرا.

١٠٣٢/٣/١٩: یەکێک لە گەورە پیشـەسـازان (پاول ڕوشـن) ڕێککەوتنێک لەگەڵ هیتلەر دەکا کە ناوەرۆکەکەی ئەوەیە، لە کاتی هەڵبژاردن لەلایەن هیتلەرەوە هێرشـــی لەســـەر نەکرێ بەو ســـیفەتەی دەزگـای ڕاگەیـانـدنی لە ژێر دەسـەڵاتدایە (ڕۆژنامەی (احدت الابناو) میونیغ و فرینکشـە کوریر).

١٩٣٢/٤/٣: هایملەر شـــاخت نامەیەک بۆ هیتلەر دەنێرێ و تێیدا دەنووســـێ: کۆمەڵێک پیاوماقول لەگەڵ من ئامادەن پشـــتگیریی ماددیی ئەوانە بکەن کە دەیانەوێ لە تیۆرە ئـابوورییەکـانی ســـۆســـیالیزمی نەتەوەیی بکۆڵنەوە و (بیبەســـتنەوە بە ئابووریی تاکەکەســـی بەرفراوان). دوای چەند هەفتەیەک نووســـینگەیەک بە ناوی وەکارخســـتنی کرێکاران لەلایەن هایملەر شـــاخت دامەزرا و (تیســـن) و (پاول ڕویتش) پشتگیرییەکی زۆریان لێ کرد.

یولی 1932: هیتلەر (کورنیـک فیلیـک) دڵنیـا دەکـاتەوە لەبـارەی زامنکردنی بەرژەوەنـدییەکـانی و پەیوەنـدی بە مەسەلەی (کیلزن کیرش) بە ڕێگای حکومەتی نازی.

لە ســەرەتای ســاڵی 1932: دامەزراندنی (نووســینگەی داواکــاری) لەلایەن مۆنۆپۆلەکــانەوە بە بەڕێوەبەرایەتیی (فینهل کیبلەر) کە لە دواییدا ناوی نرا (برادەرەکانی هیتلەر) و لە کــاتی دامەزرانــدنی، (12) کەس لە ســـەرکردە مۆنۆپۆلەکان بەشـداربیان تێدا کرد کە ئەمانەش مانگانە بۆ فرمـان وەرگرتن لەبـارەی داخوازییەکـانی (NSDAP) و چۆنیەتیی ئامادەکرنی ســیاســەتەکەی چاویان بە هیتلەر دەکەوت.

١٩٣٢/٨/٥: چاوپێکەوتنی وەزیری بەرگری (شــلایشـــەر فۆن) لەگەڵ هیتلەر و ڕازیبوونی بەوەی هیتلەر دەســـت بخاتە ناو سەرۆکایەتیی ڕایخ تا ببێتە سەرۆک.

١٩٣٢/٨/١٣: چــاوپێکەوتنی هیـتلەر لەگەڵ (فون هنــدن بیرگ)ی سەرۆک دەوڵەت .

ســــێپتێمبەری 1932: چاوپێکەوتنێکی نوێی هیتلەر لەگەڵ (لاندس بیرک) بە ئاگاداری تیسن.

پـاییزی 1932: (پـاول ســـیڤەر بیـل) ســـەرۆکی پیشـــەســـــازییەکـانی خەڵوز و ئەنـدامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی بانکی ئەڵمانی پەیوەندی بە هیتلەر و (کریکۆر شتراسە)وە دەکا.

١٩٣٢/١١/١٩: مۆنۆپۆل و ئەشـــرافەکان داوا لە ســـەرۆکی ڕایخ (فۆن هند بورگ) دەکەن تا سەرۆکایەتی بداتە دەست هیتلەرەوە .

نۆڤەمبەری 1932: (ئۆتۆ مــایر) و(فرانســـــس ڕویتەر) ســـــەرنووســــــەری گۆڤـاری بڕواپێکراویـان پەیـامنێری ســـــەرمایەدارەکان، نامەی ســــەرکردە ئەڵمانییەکان بڵاو دەکاتەوە کە لەسەر داوای (پاول سیڤەر بیرگ) و (هیتلەر) ئـاهەنگێـک لە بەرلین (بـارەگـای ســـــەرەکی) لە ئوتیلی کیرهوف، دەگێڕن.

نۆڤەمبەری 1932: (ای جی . فــارین) و (بۆتێ فش) و لەســەر داوای (کارل بۆش) ســکرتێری کۆمپانیای ناوبراو ئاهەنگێک لەگەڵ (هیتلەر)دا ساز دەکەن.

سەرەتای دیسەمبەری 1932: زۆرانبازی لەنێوان (کرنیک و کریکۆر شتراسە) لەسەر دەستخستنی ڕۆڵی کارتێکرنی سەرەکی لە هێڵی سیاسی (NSDAP)

١٩٣٣/١/٤: هیتلەر لە کۆشــکەکەی (کورت فۆن شــرۆید)ە کەیەکی لە خــاوەن بــانکەکــان بوو لە کوێلن ئــاهەنگێـک دەگێڕێ.

یەکگرتن لەســــەر گۆڕینی وەزارەتی چــاوەڕێکراو بە ســــەرۆکایەتی هیتلەر و لەبارەی ســــیما بنچینەییەکانی بەرنامەی ئەو حکوومەتەوە.

١٩٣٣/١/٧: چاوپێکەوتنی پیاوی مۆنۆپۆلەکان لەگەڵ هیتلەر لە ماڵی کیردۆف.

١٩٣٣/١/٢٨: نـاچارکردنی شــــلایشــــەر بۆ وازهێنـان لە دەسەڵات.

١٩٣٣/١/٣٠: دامەزراندی وەزارەتی هیتلەر (سەرەتای دیکتاتۆری فاشیزم لە ئەڵمانیا).

(سەرچاوە . بابەت لەمەڕ فاشیزمەوە – کورت کوسفایلە – لاپەڕە (341 – 348))

سەرچاوەکان

١. ڤۆڵڤگانگ فیبرمان- فاشیزمی ئۆروپی لە بەراوردکردندا 1922-1982/لاپەڕەی12-13، پرۆتۆکۆلی کۆنفرانسی ئینتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیستی لە پترۆگراد/1922، بە ئەڵمانی

٢. دەربارەی فاشیزم، گۆڤاری(الرابگە)، ژمارە4/ئیتالیا

٣. تیۆرە سیاسی و ئیدۆلۆژییەکان، فرانس نوێمان، لاپەڕەی 485-486، بە ئەڵمانی

٤. نصوص حول الفاشیە (تروتسکی-ماندیل)، لا20، ترجمە کەمیل داغر

٥. بالمیرۆ تۆلیاتی، محاضرات حول الفاشیە، صفحە 37-38

٦. جۆن کاوتسکی، التحولات السیاسیه فی البلدان المتخلفه، ل138

٧. پاشـــــکۆی ڕۆژنـامەی فرانکفۆرتە ئەڵمـاینە، ل100لە 12/6/، بە ئەڵمانی،1991

٨. ڕیتشارد زاگە، تیۆرییەکان لەبارەی فاشیزم، ل13026، بە ئەڵمانی

٩. گۆڤـاری دێر شـــــپیگل، وتـاری ئیبەرهـاردیگل، ژمـارە 1991/52، ل 39-38

١٠. گۆڤاری دێر شپیگل، وتاری زاشا ئەندرسوون، هەمان سەرچاوە، ل35-38

١١. پرۆتۆکۆلی ئینتەرنـاســـــیۆنـالیزمی کۆمۆنیســــتی لە 1935بە زمانی ئەڵمانی

١٢. گۆڤاری یویۆسڤالیم، ژمارە1/بەرلین، ل 17، 27، 29

١٣. نۆلتە ئیرنست، تیۆرییەکان لەبارەی فاشیزم، ل 89

١٤. شـــیککردنەوەی فاشـــیزم و خەباتی دژ بە فاشـــیزمی ئینتەرناسـیۆنایزمی کۆمۆنیسـتی و حزبی شـیوعی ئەڵمانی 1945-1922

١٥. بابەتەگەلێ لەبارەی فاشــــیزم، کۆســــڤایلە کورت، لا 34-341

## حزبی بەعسی فاشیست

## لەبارەی ئیدۆلۆژی، دەسەڵات و پەیوەندییەکانی

مێژووی پەیوەندیی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست لەگەڵ فاشیستەکانی ئەڵمانیا، نەبەسراوەتەوە بە ماوەی دەسەڵات گرتنە دەستی فاشیستەکان لەساڵی 1963 یا 1968، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆنتر، واتە بۆ کۆتاییەکانی ساڵی سییەکان. لەم کاتەدا سەرکردەکانی بەعس کەوتنە ژێر کارتێکردنی ئیدۆلۆژی فاشیزمی ئەڵمانی: ناسیۆنالیزم، ڕەگەزپەرەست، دژایەتی کۆمۆنیزم و دیموکراسی، گیانی تۆڵەسەندن، ملیتاریزم و شوڤێنیزم هتد... کەسانێک وەکوو میشیل عەفلەق و سەلاح ئەلبیتار نازییەتیان بە دڵەوە چووبوو و هەر ئەو کاتە حەزیان کردبوو سەردانی ئەڵمانیا بکەن.

لە کودەتایەکەی 1941 بەعسییەکان ڕۆڵی خۆیانیان تێدا گێڕا، ئەو کاتە لە سوریا ناوی، بزاڤی زیندووبوونی عەرەب لەخۆ نابوو و بزاڤی بەسەرکردەنەوەی ئێراقیان پێک هێنا

و خۆویســـــتیان بۆ ئێراق نارد. ئاشـــــکرایە کە کودەتای ناوبراو لەلایەن ئەڵمانیای نازییەوە لەباری عەســــکری و پروپاگەندەیی پشتگیری کرا.

هەر لە کـاتی دامەزرانـدنیـانەوە دژایەتییـان بۆ فیکر و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بە زەقی دیار و ئاشکرا کردووە. بۆ نموونە عەفلەق لە ســاڵی 1943، لە کۆبوونەوەی دینی (یــادی لە دایـک بوونی موحەمەد) واتە لە ســــــاڵی " سـەربەخۆیی"ی سـوریا وتوویەتی: "ئەو تاقمە شـعوبیە کە بە چەکی دەرەکی پشـــتگیری کراون نامان ترســـێنن، ئەو تاقمە کە بە قینەی ڕەگەزپەرەستانەوە دژی عروبەت پاڵیان پێنراوە، چونکە ئێمە خوا و ســـــروشـــــت و مێژوومان لە گەڵدایە، ئەوانە لە ئێمە تێ ناگەن، لە ئێمە نامۆن، نامۆن لە ڕاستگۆیی و قووڵایی و پاڵەوانێتی، ئەوانە دروستکراون و سـەرشـۆرن. بە هەمان شـێوە بیرۆی بەعسـی عەرەبی ئەو بۆچونەیانە دووپات کردووەتەوە و دەنووسن: "بیرۆکەمان ساڵەهای ساڵە پاشەکشێی نەکردووە لە دژایەتیی ئەوانە و بەئاگاهێنانی گەلی عەرەبی بە نووسـراوە و کوبوونەوە دژ بە شـــیوعیەت، وبە ئەرکی خۆی دەزانێت جارێکی تریش

بانگەوازی عەرەبی ســـوریا بکات بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەم جۆرە داگیرکردنە نۆیەی بن.. وشـــەکەیان یەک بخەن بۆ لەناوبردنی ئەم مەترسـییە، پێش ئەوەی درەنگی بەسـەردا بێت، حزبی شـیوعی پێی بکرێت، ڕۆحی عەرەبی ژەهراوی دەکـات و جەســـتەکەی. هەروا عەفلەق لە بەیـاننـامەی هەڵبژاردنیدا-وەکوو هەڵبژێردراوێکی ڕۆمە ئەرتدۆکسەکان لە سـوریا ـــــ دەنووسـێت کە خۆی بە "نوێنەری ڕۆحی عەرەبییە لە دژی کۆمۆنیستی مەتریالیست" دادەنێت.

بۆچوونەکـانی عەفلەق لەســـەر بنەمـای فەلســـەفی کۆنەپەرەســـتـانە بونیـاد نراوە، بە خۆی دەڵێـت : ئێمە بڕوامـان بەوە هەیە کە ڕۆح لە هەموو شـــتێک بنەمـایە. پاڵپێوەنەری ڕۆحی قووڵ تەنها بەسەر ماددە و ئامرازەکان زاڵ نییە، بەڵکوو لەهەمان کاتیشدا خوڵقینەریانە.

دژایەتیکردنی بەعس بۆ کۆمۆنیزم ســـنوور و بارودۆخی وڵاتە عەرەبییەکانیش دەترازێنێ و چوارچێوەیەکی جیهانی بە خۆی دەدات، عەفلەق دەڵێت: ڕخنەگرتنمان لە شیوعیەت تەنهـا لەبەر ئەوە نییە کە شـــیوعیەت بۆ ئێمەی عەرەب نگونجـاوە، بەڵکوو ئەوەی ترازانـدوە بۆ ڕووهەڵمـاڵین

لەســـــەر نوقســـــانیەکی بنەڕەتی لەم تیۆریە بۆ عەرەب و غەیرە عەرەب.

ئەم زەمینە ئیــدۆلۆژییەی عەفلەق، خۆی لە دەربڕینێکی زەقتر پیێشـــــان دەدا: دژایەتیمـان بۆ شـــــیوعیەت دەبێ بەردەوام بێت، قوولتر بکرێت و بســــەپێت. لە نووســــینێکی تریان هۆکانی ئەم بۆچوونانەمان پێ دەڵێن: شـــیوعییەکان قەد وەفایان نابێت بۆ ئەم خاکە، ئەوانە لە چالاکییەکانیاندا پشتگیری لە بەرژەوەندیی دەرەکییەکان دەکەن.

لەگەل بەرزکردنی دروشـــــمی (ئەو دەســـــتانە دەبڕین بۆ شـــیوعیەت درێژ بکرێت)چەتە فاشــیســـتەکان، لە بەغدا و موســـل، هەســـتان بە هەڵواســین و لەناوبردنی شـیوعی و هێزە پیێشــــکەوتووخوازەکـان. لە ســــــاڵی 1959دا بە ڕابەرایەتی ســـەددام لە شـــەقامی ڕەشـید، هەوڵی کوشـتنی عەبدولکەریم قاســــم درا. ڕۆژنامەی فەرەنســــی (لومۆند) قســـــەیەکی عەفلەقی بڵاو کردەوە، تیـدا دەڵێـت: لە هەر وڵاتـێـکـی عەرەبـی، بەعـس ببـێـتە حـوکـمـڕان، حـزبە شـــــیوعییەکان قەدەغە دەکرێن و بەوپەڕی توندڕەوی لە ناویان دەبەین. بەم شێوەیە بەیاننامەی ژمارە 13 لە ساڵە

1963 بۆ قەلاچۆکردنی شیوعییەکان ناوەرۆکی ئەم حزبە پێـک دەهێنێـت بۆ ڕزگـارکردنی بەرژەوەنـدییەکـانی بۆرژوازی عێراق و ئیمپریالیستەکان.

پـاش ئەوەی بـزووتـنەوەی کـرێکـاری و پـێشـــرەوە شــۆرشــگێرەکەی لە ڕاپەرینە چەکدارەکەی ئەهوار هاتە گۆرەپانی خەبات، بزاڤی قۆتابیانی چەپرەو لە زانکۆکان ســەرکەوتنیان بەدەســت هێنا، کرێکارەکان دەســتیاندایە چەکی مــانگرتن، لە کوردســـتــان خەبــاتی چەکـداری بزووتنەوەی نەتەوایەتی دژ بە ســیاســەتی شــوڤێنیســتی دەســـەلاتدارەکان و باڵەکەی تری حزبی شـــیوعی دژی ڕژێمی عارف ڕاوەســتابوون . لە ســەر ئاســتی جیهانیش ململانێی خەباتی چینایەتی و چەکدارانەی شــیوعی و چپ دەســـتیان هەبوو. ئەم بارودۆخە تێکڕا مەترســـی پێکهێنا لەســـەر ڕژێمی عارف و دەســـەلات لە عێراق، لەم کاتەدا فاشـیسـتەکان، پشـتئەسـتور بە باڵەکانیان لەنێو لەشـکر و دەزگاکانی ئەمن و موخابەرات، کەوتنە تیرۆر و تۆقاندنی ئەو بزووتنەوە جەماوەرییە، خۆیانیان هێنایە پێشـــەوە و وەکقو ئەڵتەرناتیڤی سسـتێمێکی لاواز و بێتوانا، دەسـەلاتی

بەســـەر شــەقامی عێراق ناشــکێت. بەم شــێوەیە دووهەم کودەتای بەعســییە فاشــیســتەکان جێبەجێ کرا. جەنەراڵ ئەحمەد حەســـــەن ئەلبەکر لە یەکەم خوتبەی لە ڕۆژی 1986/7/22 وتی: "بە درێژاییی ســـــاڵێک ئامۆژگاری و ڕێنوێنی کاربەدەستەکانمان کرد، بۆ ئەوەی لەسـەر ڕێگای ڕاست بڕۆن و هەستن بەوەی کە دەبێ بکرێت، بەڵام ئێمە هیچ ســـوودێکمان لەم ئامۆژگاری و ڕێنوێنیانە وەرنەگرت ... ناچار کراین بارەکە وەکوو گارانتێک، بگۆڕین." تیرۆر و ڕەشەکوژییان لە سەرتاپای ئێراق بەرپا کرد.

**عێراق : قەڵای ئەڵمانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست!**

پاش دەســەڵات گرتنەدەســتی  دیکتاتۆری فاشــیســتی لە ســـاڵی 1968 ، ئابووریی وڵاتەکەیان کردە گۆڕەپانێک بۆ شەرکەتە مۆنۆپۆلە جیهانییەکان و لە پێشی پێشەوەیان بۆ ئیمپریـالیزمی ئەڵمـانیـای ڕۆژئـاوا. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە، پەنـا دەبەمە بەر ڕێژەی پەیوەندییە ئـابوورییەکـانی

ڕژیم لە ســــاڵی 1975 کە بەم جۆرەی خوارەوە بوو : ئەڵمـانیـای ڕۆژئـاوا 21,8% ، ژاپون 17,6% ، ئەمریکـا 12,3% ، بەریتانیا 5,6% ، فەرەنســـا 5,6% ، یەکێتی سۆڤێت 2,3. %

لە ســــاڵی 1981 ڕێکەوتنێکی خەیاڵی (پێنج ملیارد مارکی ئەڵمانی) لەگەل کۆمپانیا ئەڵمانییەکان کرد، بۆ دامەزراندنی سستێمی ئەلکتریکی بەنداوی موسڵ و فڕۆکەخانەی نوێی شــاری بەســرە و کڕینی ئۆتۆمبێل و مەکینەی جۆراوجۆر و مەوادی شیمی، بەرهەمی پۆلایین و چەکی شیمی.

ئەم پەیوەندییە لەسەر جووتبونێکی ستراتیجی بونیادنراوە، خــزمەت بە یەکــتــری دەکەن، لە چــوارچــێــوەی میتۆدۆلۆجییەکی ناســیۆنال ســۆســیالیزم و ســەرتاپای خەســڵەتەکـانی، دەچێتە خزمەتی ســـەرمـایەی پوولی ئەڵمـانیـاوە. لە تۆی ئەم ڕەهەندە ســـتراتیجییەوە، ڕژێمی فـاشــیســـت، عێراقی کردووە بە قەڵایەکی ئەڵمـانیـا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

## پەیوەندیی موخابراتی نێوان ئەڵمانیا ـ عێراق

لە 1990/9/7 ئەنگیلیکا بیر و هیلمۆت لیبلت نوێنەرانی پارتی سەوز لە پەرلەمانی ئەڵمانی، شکایەتنامەیەک دژی سەرۆکی موخابەراتی ئەڵمانی، وەزیری دادپەروەری، وەزیری دەرەوەی ئێستا کلاوس کینکل (پارتی لیبراڵەکان) بەرز دەکەنەوە، لەبەر بەشداربوونی لە تاوانی ناردنی جۆرەها چەک و تفاق و کەرەستەی وئامێر بۆ دروستکردنی چەکی شیمی بۆ عێراق. شایانی باسە کە بەرێوەبەری پۆلیسی موینشن فیلی شمویتر دان بە بەشداربوونی کینکل دەنێت؛ هەروا بە بەشداربوونی سەرۆکی (مكافحه الاجرام) سەر بە وەزارەتی ناوەوە دکتۆر بوکە لەم تاوانە و دانپێنانی بە ناسینی پیاوی تیرۆری سەدامی عەبد ئەلمنعم جەبار، لە کاتی سەردانێکی بەڕێوبەری ئەمنی عێراق فازل بەڕاک لە ساڵی 1977 و 1979 بۆ ئەڵمانیا.

ئەوەی سرنج ڕاکێشبێت، عەبدئەلمنعم جەبارەی پیاوی موخابەرات و بازرگانی چەک کە لە ساڵی 1988 ، شەش سال و شەش مانگ حوکمی زیندان کرا؛ پێش تەواوکردنی

ســزاكەی بە چوار ســاڵ ئازاد كرا، واتە لە 12/ ئۆگســت 1990 .

لە كاتی جەنگی عێراق ـــــ ئێرانی ســـاڵی 1981 ڕژێم ئارەزووی دەزگایەكی تایبەتی هەبوو بۆ پاراستنی سەددام و لەناوبردنی هەر دەنگێكی ئۆپۆزتســـیۆن بە توندترین شێوە، بۆ ئەوەی دەست بەسەر باری ناوخۆ بگرێت. لێرەدا دەزگـای موخـابەرات و پۆلیســـی "قەڵاچۆكردنی تـاوان" هەســـتان بە ڕێكخســـتنی ڕێككەوتنێك لەگەل كۆمپانیای (هروبی ـــــ فێنتسـل لە هامبۆرگ) بۆ ئەوەی دەزگای (گی ئێس گی 9) ئەڵمانی كە بە باشـــترین تیپی مەشـــقپێكراو دادەنرێت بۆ ئەنجامدانی ئۆپیراتســـیۆنی تایبەت لە بواری "لێدانی تیرۆریزم" لەســەر ئاستی جیهان ـــــ ئەم دەزگایە هەرەسـیان بە ئۆپیراتسـیۆنی مەقادیشـۆیان هێنا ـــــ بۆ مەشـقپێكردنی تیپی تایبەتی عێراق بە گوێرەی نموونەكەی خۆیان. بەم شـــێوەیە دوو لە پســـپۆرەكانیان لودڤیك هێرڤاگن، شـــانبەشـــانی تۆماس شـــیڤەر وفینتســـل ـ سەرپەرەشتی بە مەشقپێكردنی عێراقییەكان. ئەمانە پێكەوە لە ڕۆژی 1982/5/10 بـۆ بەغـدا ســـەفەریـان كـرد

(بەڵگەنامەی 17) ـــــ بۆ ئاگاداری سـەعودیای عەرەبی لە هەمان کات داوای کرد لە هەمان دەزگای ئەڵمانی تیپێکی تایبەتی سعودی دژ بە تیرۆر دامەزرێنن ـــــ . بە گوێرەی خـاڵی پێنجی ڕێککەوتننـامەکە ؛ دەبێ تیپەکە بە چەک و تفـاقی ئەڵمـانی پڕ بکرێن بە نرخێکی ســـــەربـار. نرخی ڕێککەوتننـامەکە گەیشـــتبە دە ملیون مـارکی ئەڵمـانی. شانبەشـان ئەم کارە، لە 1983 کۆمپانیای (سی دی سی - سـەنترالەکەی لە شـاری کۆلۆنە) هەسـتان بە مەشـقکردنی ئەفسەرانی عێراقی لە ئینستیتوتی بەرزی لەشکری ئەڵمانی لە شـاری موینشـن (بەڵگەنامەی 18) . لە 1984 و 1988 ئەڵمـانیـا مەشـــقی کردووە بە 25 فڕۆکەوانی عێراقی و لەلایەنی کەمەوە بە 4 ئەفســـەری لەشـــکر، بیجگە لە مەشقکردنی و پشتگیریکردنی ئەفسەری پولیسی عێراق و دەیـان ڕێککەوتننـامەی تر کە حکوومەتی ئەڵمـانی ئینفورماتسیونەکان بە نهێنی هێشتووەتەوە.

وەک دەبینین، بە گوێرەی ئەم زانیـاریی زۆر کەمـانەوە، دەتوانین بڵێین هەموو ئەو هێزەی کە جەلادەکەی عێراق بەدەستیەوەتی و خۆیی پێهەڵئەکێشێت و یارمەتی داوە لە

مانەوەی لە حوکم هەتا ئێستا، لەلایەن دەزگای موخابەرات و ئەمنیەت و پیشـــەســـازییەکانی ئەڵمانیاوە ڕێکخراوە، بۆ نموونە:

ــ ڕاکێتەکانی ئیمام حوسێن و عەباس و سەعەد و ئەوانی تر.

ـــــــ بۆمبە شیمی ژەهراوییەکانی و پیشەسازیی ئەتۆمە "نیشتمانییەکەی".

ـ شارەزاییی ئەفسەرە قارەمانەکانی پاسەوانانی کۆمار و دەزگاکانی موخابەرات و ئەمن و پەلە تیرۆریستەکانی تر.

ـ جێگای خۆحەشاردانەکەی سەدام.

ـ فڕۆکەخانە ئینترناسیۆنالەکەی سەدام.

ـ بڕێک لە فڕۆکەکانی.

ـ دووربینی شەوانی لەشکر و فڕۆکەوانەکانی.

ـ ملیۆنان لە مینە چێنراوەکانی.

ـ جلوبەرگە بایرەنێکەی.

هەر هەمووی و شـتی تریشـی و بە خودی سـەدامیش لە سەریان نووسراوە: لە ئەڵمانیا دروست کراوە .

بەڵام ئەمە وا نـاگەیەنێت، کە ڕژێمی عێراقی  لە وڵاتـانی ترەوە تفاقی پێویسـتی نەکڕیوە بۆ دەزگا تیرۆریسـتەکانی، ئەوەی لەم نووسـینە مەبەسـتمە: پێشـاندانی ئەو پەیوەندی و دەور و کارتێکردن و کەرەسـتانەی وا ئیمپریالیسـتی ئەڵمانی ڕۆڵی ستراتیجی و ئەساسی لابەلاکەری تێدابینیوە لە بینای ئابووری و سـەربازی هتد... بۆ ڕژێمی عێراقی. (بۆ ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر: ئەگەر ئەڵمانیا گورگە بۆرەکە بێـت و دوژمنی مرۆڤـایەتی، ئەوا ئیمپریـالیزمی ئەمریکی گورگە سـپییەکەیە و بە هەمان ئەندازە خۆێناوییە، هەمان شـت بۆ دەسـەڵاتە ئیمپریالیسـتەکانی تر؛ مەبەسـتم ئیمپریالیستی بەریتانی و فەرەنسییە. ئەمانە هەموو جارێک ڕێـک نین لەنێوان خۆیـان لە بـاری بەرژەوەنـدی و چاوچنۆکی داگیرکەرانەکانیان.

ئیمپریـالیزمی ئەمریکی دەیەوێـت بە هەموو ڕێگـایەک دەسـەڵاتی خۆی بەسـەر عێراق بسـەپێنێت ـــ ئەمە وا ناگەیەنێت کە سـەدام دژ بە ئیمپریالیەتە وەکوو کاسـترو

یان حزبی شیوعی ڕووسی و ناسیۆنالیست و ئیسلامییە عەرەبە شۆڤنیستەکان حاڵی بوون، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی بەعسی فاشیست خزمەتکاری پیلان و بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیستی ئەڵمانییە. جێگەی داخە کە زۆر کەس هەن تەنانەت ئەوانەی ئەم واقیعە نابینن ـــ بازاڕی عێراق لەژێر نفوزی ئەڵمانیا دەربکات ولە بازارێکی ئەڵمانییەوە بیکات بە بازارێکی ئەمریکی بۆ خەرجکردنی بەرهەمە عەسکەری و پیشەسازییەکانی. ئەمەیە ناوەرۆکی سووربوونی ئەمریکا و بەریتانیا لە سەپاندنی ئابلۆقەکە دژی کرێکاران و زەحمەتکێشانی گەلانی ناو عێراق. بریاری ئابلۆقەدان ئاراستەی سەدام و دەسەڵات و دەزگا خوێناوییەکەی نەکراوە، تەنانەت یەک زەڕەش کاری سەلبی بەسەریان نەکردووە. بە هەمان شێوەش گرنگ نییە بۆ ئەمریکا، دەسەڵاتی سەدام برۆخێ یان نەڕوخێ، بە هیچ شێوەیەک.

## پەیوەندییەکانی ڕژێم لەگەل حزب و بزووتنەوە فاشیستەکانی ئەڵمانیا

هەر لە حزبی کۆمارییەکان ، پارتی ناسیۆنال دیموکراتی ئەڵمانیا و پارتی یەکێتیی گەلی ئەڵمانیا هەتا لیستە ئەڵمانی لە هامبۆرگ و ڕێکخراوی ئەڵتەرناتیڤی ئەڵمانی لە شاری کوتبوس و ڕێکخراوی بلۆکی قەومی لە بایرن؛ هەموویان وەکوو کۆمپانیا و دەزگا عەسکەری و تەکنەلۆجییەکانی ئەڵمانیا، لە شەڕی خەلیج، پۆزتسیونی پشتگیریکردنیان نواند لەگەل عێراق لەسەر ئاستی پروپاگەندەیی و سیاسی وهاوپشتی عەسکەری. بۆ نموونە گۆڤاری ئینفرماتسیونەکانی ئەنتی فاشیست ژمارە 19 /یولی 1992 بەڵگەنامەیەکیان بە زمانی ئەنگلیزی بڵاو کردەوە، ئەم دۆکومێنتە لەلایەن یەکێک لە سەرانی فاشیستەکانەوە نووسراوە بە ناوی ب . ئیوالد ئەڵتهانز لەگەڵ ئەدرەس و ژمارەی فاکس و تەلەفۆنەکەی، تێدا نووسراوە کە ئەڵتهانز فیلمێکی ڤیدیۆی هەیە دەربارەی 100 نازی و جاش، ئەوانەی لە جەنگی عێراق و ناتۆ جلوبەرگی عێراقی لە کرواتیا دەجەنگین. ئەم فیلمە بۆ فرۆشتنە بە 5000 دۆلار

. لەلایەکی ترەوە گۆڤـاری شـــتێرن، وێنەی ڕابەرێکی بەناوبانگی فاشیستەکان، گۆڕبەگۆڕ ـ میشائیل کوینین ـ و لوپێن سەرۆکی حزبی (بەرەی ناسیۆنالیستی) فاشیستی لە فەرەنسـا، لە یەکێک لە شـەقامەکانی بەغدای بڵاو کردەوە، هەردووکیان لەلایەن سـەدام پێشـوازیان لێ کرا. هەروا لە کتێبە مودەبرەکانی تۆرە بۆرەکە ـــــ بۆ ســـەرلەنوێ دامەزراندنی پارتی ناســیۆنال ســۆســیالیســتی کرێکاری ئەڵمانیا، لاپەرە 61 هەواڵی ســـەردانی ســـکرتێری حزبی کۆمارییەکان، ئومیل شــلی ـــــ لە ناوچەی شــلیزڤیک ـ هۆلشتاین ـ و نوێنەری هەمان حزب لە پەرلەمانی ئەورووپی بۆ لای ســـەدامیان بڵاو کردۆتەوە. ڕێکخراوی فاشـیسـت (ئەکتسـیون دژی سـایۆنیزم) سـەددامیان بە "تێکۆشـەر لە پێنـاوی ئـازادیی عەرەب" لەقەڵەم دا. زعیمێکی نـازییەکـان ناوبراو میشائیل کوینین، لە ژێر ناوی ـــ فەیلەقی ئازادیی جیهانی ـــ مەشقی سەربازی بە نازییە تیرۆرستەکان لە فرانکفورت شـتات پێڵد دەکرد، بۆ وەسـتاند لە پاڵی عێراق "دژی جەنگی ئیمپریالیستی ئەمریکی ."

لەلایەکی ترەوە هەفتەنامەی ڕۆشنبیرە فاشیستەکان (یونگە فرایهایت) کوەیت بە"شلیزیەنی عێراق" ناو برد ــ شلیزیەن ناوچەیەکی ئەڵماننشـینە لە باکووری پۆلنداـــــ ، بۆردمانی بەغداد بە بۆمباردنی شـاری دریزدن بەراورد کرد، دابەش بوونی ئەڵمـــانیـــا بە دابەش بوونی وڵاتە عەرەبییەکـــان. مارکۆس بۆر، یەکێکە لە ســــەرنووســــەرەکانی گۆڤاری فاشـــیســـتەکان (ئەورووپا فۆرغەن) بانگەوازی ســـەربازە ئەڵمانەکانی کرد بۆ "بەشداری نەکردن لە جەنگ لە حاڵەتی فەرمانکردن بۆ بەشداریکردن، لەبری ئەوە، دەبێت خزمەتی سەربازی ڕەت بکەنەوە و بۆ بەغدا بڕۆن. لەوێ "کۆمیتەی ئەڵمانیای ئازاد" دامەزرێنن. دروشـمی سـەرەکیی مارکۆس بۆر: (ناســـیۆنالیســـتەکانی جیهان یەکگرن) ســــەرچاوە : گۆڤاری کۆنکریت ، ژمارە 3 لە 1991 ، لاپەرە 24-22 .

سـەرچاوە: قسـەکانی میشـیل عەفلەق لە کتێبەکەی بە ناوی (لە پێناوی بەعس) وەرم گرتووە.

## ناوی ئەو کۆمپانیا و ڕێکخراوە ئەڵمانییانە کە پشـــتگیری ڕژێمی فاشیستی(عێراق)یان کردووە

با پێکەوە داوای دادگاییکردنی ئەم تاوانبارانەش بکەین!

مەترسـییەکانی دەسـەڵاتی فاشـیزم و تاوانەکانی لە ماوەی 35 سـاڵدا لە دژی گەلانی عێراق، کورسـتان، ئێران و کوەیـت بە پشـتیوانی و پێکەوەکـارکردن لەگەل ئەم تـاوانبـارانە کە ناویان لە خوارەوە هـاتووە، بەرنامەڕێژیان بۆ کراوە. کـاتێ ئەم ڕاسـتییـانەمـان بۆ دەردەکەوێـت، ئەمەشـمـان بۆ سـاغ دەبێتەوە: ڕژێمی سـەدام و وەحشـیگەرییەکـانی بەرهەمی یەکـانگیری بیروهۆش و عەسـکەریتاری و پەیوەندیی فاشـیزمی ئەڵمانیایە لەگەل بیروهۆش و عەسـکەریتاری ناسـیونالیزمی عەرەبی و ئیسلامییە بە پلەی یەکەم.

لە راستیدا ئێمە چیتر پێویستمان بەوە نییە پرسیار بکەین، بۆچی حکوومەتی ئەڵمـانیـا لە بـارەی جەنگی ئەمریکـا-

عێراق، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەرەو ئالأی "ئاشتی" هەڵگرتووە یان بۆچی ئەڵمانیا مۆڵگای هێرشکردنی ئەلقاعیدە بوو لە 9/11. حکوومەتی چەکسازی و بانکی ئەڵمانی و حزبەکەیان بە سەرۆکایەتیی هیتلەر بە تەواوەتی لە 1945 ژێرنەکەوت، بەڵکوو لە جەنگی(ئەمریکا-عێراق)دا: بازاڕی عێراق کە بەشێکی زۆر گرنگ بوو بۆ کۆمپانیا زلهێزەکانی چەکسازی و بانکەکانی ئەڵمانیا، بە یەکجاری بە زەبروزەنگی دوا چەکی مۆدێرن و شارستانییانەی ئەمریکا لە چنگی دەرکرا و ئێستا سەرتاپای ئەم بازاڕە لە خزمەتی بەرهەمی ئەمریکی و هاوپەیمانەکانییە. نەزانترین چاودێریی سیاسی دەتوانێت بە زەقی ئەم ڕاستییە ببینێت، بەڵام لە ڕاگەیاندنەکاندا بەدەگمەن بەم شێوەیە باس دەکرێت. بازاڕ هەمیشە، بازاڕی هێزە سەرکەوتووەکانە "بەپیشتوانی خوا" لە جەنگ. ئەم کۆمپانیانە لە خوارەوە ناویان هاتووە، کۆمپانیای وڵاتە دۆڕاوەکانە و ماوە داوا بکەین شانبەشانی سەرانی حکوومەتی گۆڕبەگۆر، بۆ بەردەم دادگا ڕاپێچیان بکەین:

١٩٦٣/١ موخـابەراتی ئەڵمـانی بە چەک، پوول و تەکنیـک پشـــتگیری لە کودەتای بەعس دەکەن(ســـەرچاوە: گۆڤاری پۆگروم/65-1979، لا.61)

١٩٦٣/٢ شـــەرکەتی ســـیمنز(ئەڵمانی-فەرەنســـی)، بۆمبای ئیلیوشـــــین-بۆدگەر، بۆ بۆردومانی شــــەوان بەکار دێت. سەرچاوە: هەمان سەرچاوە،لا.62

١٩٦٣/٣: ئەڵمانیا ڕاکێتی کوبرا بە لەشـــکری عێراق دەدا. هەمان سەرچاوە، لا.61

١٩٦٣/٤ فرۆشتنی بێ سیم. سەرچاوە. Mierzwa:

١٩٧٢/٥ نـــاردنی 35لۆری لە جۆری 1513 لەلایەن کۆمپـــانیـــای دایملەر بێنز(مرســـــیـــدس)، ســــەرچـــاوە: بارت/گوتمان،1987لە کتێبی دایملەر،لا702.

٦، ٧/ ١٩٧٥موختەبەری پێستیسیدە Pestizide شەرکەتی کـــارل کۆلـــپ و پیلۆت پلان. ئەم دوو مەتریـــاڵە بۆ دروســــــتکردنی چەکی کیمیـــاوی بەکـــار دەهێنرێـــت. سەرچاوە(BULO, Breg-It.dpa,30.7.1984):

١٩٧٦/٧ مەشقپێکردنی ئەفسەرانی عێراقی لەلایەن سوپای ئەڵمانی. سەرچاوە: پاکس کرستی1-2

.١٩٨٤

٦٠/٨ هیلکۆپتەریBo-105، شەرکەتیMBB، لە 1978وە ئەم شەرکەتە بە پێی سەرچاوەکانی خۆیان هاریکاری سەربازی لەگەڵ عێراق دەکەن. 6پسپۆڕی ئەم شەرکەتەش بۆ عێراق چوون،، ڕۆژنامەی زوید تسایتونگ لە 1990/9/8

١٩٧٨/٩، ٢٦ فڕۆکەی ئەلفا-جێت (Alpha-jet)، شەرکەتی(Dornier Dassault)ئەڵمانی-فەرەنسی. سەرچاوە: ڕۆژنامەی فرانکفۆرتە ئەلگەماینە، لە .86/11/20

١٩٧٨/١٠، ١٥٠ ڕاکێتی دژە ئاسمانی (Roland Flugabwwehr)، شەرکەتیMBBی ئەڵمانی و-Euro Missileفەرەنسی. سەرچاوە: تەکنیکی سوپا،85/5 و زوید تسایتونگ لە 82/7/28

١٩٧٩/١١، ئەلیکترونیکی فرۆکەوانی شـــەوان، ســـیمنز. سەرچاوەWulf1989,S63 :وDVZلە 84/1/27.

١٩٧٩/١٢، ســـیســـتێمی دیاریکردن وپێکاندنی ئامانجی مەبەست،MBBئەڵمانی. سەرچاوە: میرزوە، 1989.

١٩٧٩/١٣، سیستێمی کۆمپیوتەر، ئەڵمانیا، هێزی دەریاوان، ئاسـمانی و بەشـەکانی تری سـوپای عێراق بە سـیسـتێمی کۆمپیوتەری ئەڵمانی بەیەک بەســتراونەتەوە. ســەرچاوە: میرزوا(Mierzwa)١٩٨٩.

١٩٧٩/١٤هەلـــیـــکـــۆپـــتەری-Breguet-1150) .Atlو(Aluette، شـەرکەتی(ئێم.بی.بی)،فەرەنسـی-ئەڵمانی. سەرچاوە/ پوگروم، ژ.65، 1979، لا.62.

١٩٧٩/١٥، فڕۆکەی گواسـتنەوەی سـوپا، (ئەڵمانیا-ئیتالیا-ئەســـپانیا-ئەنگلتەرا)، شـــەرکەتی ئێم بی بی و دۆرنیر. سەرچاوە: گۆڤاری پوگروم، ژ.65،1979، لا 62.

١٩٧٩/١٦، ٥٠ زرێپۆشی جۆریEE-11Uruta، شەرکەتی دایملەر بێنزو ئینگیســـا، بەرازیـل-ئەڵمـانیـا. مۆتۆری

کارپێکردن لەلایەن مرسیدسەوە دروست کرا. سەرچاوە : Brasilien

-Nachrichten94/87,S.10, Military Tectical VS IDR IV/86> S.24,48

۱۹۷۹/۱۷، ٥٠ زرێپۆشـــیEE-17Sucuri، شـــەرکەتی دایملەر بێنزو ئەنگیسا، ئەڵمانیا-بەرازیل. هەمان سەرچاوە.

۱۹۷۹،۱٥٠/۱۸ زرێپۆشـــیEE-Cascaval، شـــەرکەتی دایملەر بێنز، ئەنگیســـا (Engesa Zahnradfabrik)، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

۱۹۸٠/۱۹ پەیمانبەســـتنی نهێنی چەکی ئەتۆمی لە گەل بەرازیل، حکوومەتی ئەڵمانیا و بەرازیل، ســـەرچاوە: ڕۆژنامەی فرانکفۆرتە ئەلگەماینە(FAZ)لە 1990/9/4.

۱۹۸٠/۲٠ ، ۳٥٠ زرێـــپـــۆشـــی-EE 11Urutu,EE17Sucuri, EE9Cascaval، شەرکەتی دایملەر بێنز، ئینگیسا(ئەڵمانیا و بەرازیل Brasilien (

-Nachrichten94/87,S.10, Military Tectical VS IDR IV/86> S.24,48

۱۹۸۰/۲۱، شاحینەیEE-15/EE-25/EE-50، شەرکەتی دایملەر بێنز و ئینگیسا(ئەڵمانیا و بەرازیل)هەمان سەرچاوە.(ئەم هەواڵە بەسێ هەواڵی جیاجیا بڵاوکراونەتەوە، من پێکەوە نووسیومن(

۱۹۸۰/۲۲ ، ۵۰۰ شاحینەی گواستنەوەی زریپۆش، شەرکەتیBlumenhard/Hella, Taurus/Fulda ، سەرچاوە: گۆڤاری:

Blaetter des iz3W 103/1982,S48. BUKO Krieg Iran-Irak

۱۹۸۰/۲۳، شەرکەتی کارل کولپ، دەزگای دروستکردنی چەکی کیمیاوی لە سامەرا. لە1980وە عێراق توانای هەیە ساڵانە 48 تۆن سارین و تابونSarin)و(Tabun بەرهەم بهێنێت.رۆژنامەی فرانکفۆرتە ڕوندشاو،3/20/ 1990

١٩٨٠/٢٤، چەکی کیمیــاوی، پیلۆت پلانــت، بە نرخی30 ملیۆن دۆلار بە عێراق فرۆشـــراوە. فرانکفۆرتە ئەلگمـاینە تسایتونگ لە 18-1990/8/19

١٩٨١/٢٥، ٥٠٠٠ چەکی دژە ئاســـمانی بە ناوی (HOT)، شــــەرکەتی MBB/Euromissile ئەڵمانی-فەرەنســـی. سەرچاوە: دێر شبیگل، ژمارە39، 1990، لا.33، Soldat u. Technik7/81, S.374 WT1/82, S.52

١٩٨١/٢٦، ٤٥٦ زرێپۆشـــی دژە ئـاســـمـانی(MILAN)، شـەرکەتی ئێم بی بی وEuromissile ئەڵمانی-فەرەنسی. سەرچاوە: دێر شبیگل39، 1990، لا.33.

١٩٨١/٢٧، ٢٤ هەلیکۆپتەری Bo-105، لەلایەن شــەرکەتی MBBو .CASA ئەڵمـانیـا-ئەســـپـانیـا. ســـەرچـاوە دێرشبیگل1990/39.لا.33.

١٩٨١/٢٨، ١٠٠ زرێپۆش، شـــەرکەتیFaunو .Rotzler سەرچاوە..BUKO-Ruestungsexport info7/8.S6 :

١٩٨١/٢٩، چەکی کیمیـاوی(Toxikol.Labors)، لەلایەن ئەم شــەرکەتانەوەReinbayern, Karl-Kolbوســوپای

ئەڵمانی. سەرچاوە: گۆڤاری دێر شبیگل، ژمارە 1989/4،لا.24.

١٩٨١/٣٠، ٦٥٠ زریپۆشی EE-11Urutu، EE-17Suouri,EE-3Jararce شەرکەتی دایملەر بێنز و شەرکەتی ئیگیسا (ئەڵمانیا-بەرازیل). سەرچاوە : IWR9/1985.S.1414

١٩٨٢/٣١، کارگەی ئاسنسازی بۆ بەرهەمهێنانی تەقەمەنی، شەرکەتی Thyssen, Lasco, AEG Remscheid

١٩٨٢/٣٢، ٥٠ شاحینەی بۆ گواستنەوەی زریپۆش، شەرکەتی . Faun, Kloekner-Humbold-Deutz, Goodyear. سەرچاوە: گۆڤاری Blaetter des iz3w103/1982.S48

١٩٨٢/٣٣، Militaerunimogs، شەرکەتی دایملەر بێنز. هەمان سەرچاوە.

١٩٨٢/٣٤، ١٠٥٠ ڕۆکێتی ڕۆناڵد، شەرکەتی ئێم بی بی، ئا ئی گی و ئۆیرۆمیسیلیە.

١٩٨٢/٣٥، سـیسـتێمی چاودێریکردنی هاتوچۆی فڕۆکە، شـەرکەتی SEL، سـەرچاوە: بوکۆ، جەنگی عێراق-ئیران، ل13.

١٩٨٢/٣٦، تفەنگ، بە شـاحینە نێردراوەو لەسـەریان نووسـیوە چەمنتۆ!. ڕۆژنامەی فرانکفۆرتە ڕوندشـاو لە82/8/14.

١٩٨٢/٣٧، ڕادار و(Sendenanlagen)، شـەرکەتی Rhode&Schwarzی ئەڵمانی. سـەرچاوە: ڕۆژنامەی فرانکفۆرتە ڕوندشاو لە 1982/8/14.

١٩٨٣/٣٨، ٧٠ چەکـی(Exocet-Lenkwaffen)، شـەرکەتی MBBوAerospatiale ، سـەرچاوە Sipri : yearbook1987,S251.

١٩٨٣/٣٩، چەک و تەقەمەنی زرێپۆش، شـەرکەتی Fritz Werner Geisen.سەرچاوە: شبیگل1987/31، ل48.

١٩٨٣/٤٠، مەشـقپێکردن بە 25 کەس لە ئەفسـەرانی هێزی ئاسـمانی عێراقی لە لایەن Carl-Duisberg-Zentrum

GmbH/Dornierو لەشـــکری ئەڵمـانی. ســـەرچـاوە : DVZ27/1/1984، بەرنامەی مۆنیتۆر.

١٩٨٣/٤١، زریپۆشـــی EE-Urutu، شـــەرکەتی دایملەر بەنز و شەرکەتی ئینگیسا.

١٩٨٤/٤٢، شـــەرکەتی Rhema Labortechnik, Karl Kolb,وHerberger Bau hammer,Quastدەزگـای درووستکردنی چەکی کیمیاوی لە سامەرا نارد. سەرچاوە: پانۆراما لە 86/10/27

١٩٨٤/٤٤، شـــەرکەتـــی ئـێـــم بـــی بـــی و ئـایرشـــبیســـیـال28(ئەڵمـانی-فەرەنســـی)Exocet-0 Lenkwaffenبۆ عێراق دەنێرن. ســـەرچـاوە Sipiri : Yearbook1987,S251

١٩٨٤/٤٥، ٦٠٠٠ ڕاکێت بۆ سـیسـتێمی ASTROS-II لە لایەن شەرکەتیH&H Metalform و شەرکەتی بەرازیلی Avibras بۆ عێراق نێردراوە. هەمان سـەرچاوە، لا250 و گۆڤاری شبیگل1989/51،لا.94

١٩٨٤/٤٦، ٦ هەلـــیــــکــــۆپـــتەری117-BKلەلایەن شـــــەرکەتــی Kuehne&NagelوDenzel, MBB ی نەمساوی. سەرچاوە: گۆڤاری شتێرن لە 1985/2/7.

١٩٨٤/٤٧، بەش وپێکهـاتەکـانی(کۆمپیوتەر، ئـامێر، ئەزمـایش...هتـد)ســـەنتەری لێکۆڵینەوە و گەشـــەپێدانی سەربازی سعد -16 لەلایەن ئەم شەرکەتانەوە نیردراوە : Gildemeister(Generalunternehmer),MBB,Rheinmetall,Fritz Werner, Kar Kolb, Siemens, Integral/Sauer Informatic/CMES(Firmengruppe),Koerber AG, PBG mbH/BP/Degussa/Mauser/Tesa/Zeiss. ســـەرچاوەکان: گۆڤاری شـــبیگل، ژمارە13، لە1989 و ڕۆژنامەی تاتس لە1989/4/28، فرانکفۆرتە ڕوندشـــاو، شـــبیگل لە 1989/3/27. لە لیســـتەکەدا هەر ناردنی هەر مەتریالێک بە ژمارەیەکی جیا بڵاوکراوەتەوە. من هەمووم کردووە بە ژمارەیەک.

١٩٨٤/٤٨، مەشــقپێکردن لە بوارەکانی ســەعد 16، لە 38 شــــەرکەتی ئەڵمانی مەشـــق پێکردنی ئەفســـەرانی عێراق بەرێوە چووە. شـــــەرکەتە ســـــەرەکییەکـــان: ئێم بی بی، .Koerberسەرچاوە Profil 20.3.1989 :

١٩٨٥/٤٩، شـەرکەتی Water Engineering Ttading GmbH(W.E.T), Merkur 50تـــون لەم مـــاددە کیمیاوییانەی خوارەوە بۆ عێراق دەنێرن ,Phosphorti : Methylenchlorid, Isopropylamin, Natriumfluorid, Tabun-Grundstoffe..سـەرچاوە: گۆڤاری شـــتێرن لە 88/3/30، فرانکفۆرتە ڕوندشـــاو لە 88/4/28، ڕۆژنامەی تاتس لە 87/12/10.

١٩٨٥/٥٠، شـــــەرکەتی(دووبـل یو.ئی.تی) پرۆژەی چەکی کـیـمـیـاوی بە عـیـراق (لە فەلـوجە)دا. ئەم پـرۆژەیە بـۆ دروســتکردنی مادەی تابون، ســارین وVX ە. ســەرچاوە: کۆپن/کۆغ1990، لا239.

١٩٨٥/٥١، شـــــەرکەتی ئێم بی بی (ئەڵمـــانی) و ئـــایەر شـــپیســـــیالی (فەرەنســــی) پێکەوە96چەکی-Exocet

Lenkwaffenبۆ عێراق دەنێرن. سەرچاوە: سەرچاوەی پێشوو، لا251

۱۹۸۵/۵۲، ۱۷٦ زرێپۆشی ئی.ئی-9 کاسکەڤال. سەرچاوە: بەرازیلیشە ناخرِشتن1987/94، لا10. بە دووهەواڵی جودا بڵاوکراوەتەوە. یەکەم جار 26 زرێپۆش و دووهەم جار 150. من کردوومن بەیەک هەواڵ.

۱۹۸۵/۵۳، شەرکەتی ,Magirus-Deutz ، و شەرکەتی Leitz ی ئەفریقای خواروو، Haubitzen G-5 155mm بۆ عێراق دەنێرن. هەمان سەرچاوە، لا254.

۱۹۸۵/۵٤، ۱۸۰ شاحینە لەلایەن شەرکەتی-Steyr Daimler-Puch, MTUنەمساوی بۆ ئەدرەسی وەزارەتی بەرگری عێراق دەنێرن. سەرچاوە: گۆڤاری بوکو، جەنگی عێراق - ئیران، لا.12، گۆڤاری Blaetter des iz3W 128/1985K s.3.

۱۹۸٦/۵۵، ناردنی چەکی بیولۆگی، لەلایەن شەرکەتی Rhema Laborttechnikئەڵمانی . سەرچاوە: شبیگل1990/33.

١٩٨٦/٥٦، شـــــەرکەتـــی Sigma Chemie, Plato Kuehnچەکی بیۆلۆگی Pilzgift بۆ عێراق دەنێرن. پێکهاتەکانی: mgT-2 u.100mg HT-2,Toxin, 500 2000mg Diacetozyscripenol, 100Verracarol. سەرچاوە: فرانکفۆرتە ڕوندشاو لە1989/1/31.

١٩٨٦/٥٧، شـــــەرکەتی (دوبـل یو. ئی.تی) ئـامیری تری ناردووە بۆ بەکارخستنی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاوی لە فەلوجە کە لە ساڵی1991کەوتووەتە کار کردن. سەرچاوە: شبیگل 1989/4.

١٩٨٦/٥٨، شـــــەرکەتی دایملەر بێنز(مێرســـــیدس) 6737 شاحینەی سەربازی بۆ عێراق دەنێرن. سەرچاوە: گۆڤاری دێر شبیگل، ژمارە 31 لە 1986.

١٩٨٦/٥٩، شـــــــــــەرکەتـــــــــی Philips Deutschland50چـــاویـــلـــکەی .Typ MB-8028 فڕۆکەوانی هەلیکۆپتەر بەکاری دەهێنن. نرخی 4،5 ملیۆن مـارک. ســـــەرچـاوە: ڕۆژنـامەی تـاتس لە 1989/6/7 و گۆڤاری دژ بە ملیتاریزم (بوکۆ)، ژمارە 25.

١٩٨٦/٦٠، شـەرکەتی Krupp Atlas Elektronik مەشق بە ئەفســـەرانی عێراقی دەکەن. ســـەرچاوە: بوکۆ، جەنگی عێراق-ئیران، لا13.

١٩٨٧/٦١، شــــەرکەتــی Sigma Chemie, Plato Kuehn (100mg Pilzgift HT-2 u. T2)چەکـــی کیمیاوی بە نرخی600 هەزار مارک بە عێراق دەفرۆشـــن. ســـەرچـاوە: ڕۆژنـامەی فرانکفۆرتە ڕونـدشـــــاو لە 1989/1/30.

١٩٨٧/٦٢، شــــەرکەتی (دووبـل یو.ئی.تی) ئەڵمـانی و شــەرکەتی (Atochem)ی فەرەنسـی، مەشـق بە پسـپۆڕە عێراقییەکان دەکەن لە بواری چەکی کیمیاوی. ســـەرچاوە: ڕۆژنامەی تاتس لە 89/1/26.

١٩٨٧/٦٣، شـــەرکەتی ماوزە (یونان)، ســـیمینز، چەکی دژ ئاسـمانی Artemis30 بە عێراق دەفرۆشـن. سـەرچاوە: شبیگل، ژمارە 31 لە 1987.

١٩٨٧/٦٤، شەرکەتی دایملەر بێنز و ئینگیسا200زرێپۆشی Jararcaبە عێراق دەفرۆشـــن. ســـەرچـــاوە: کتێبی سیپرییارس بوغ 1987،لا.250.

١٩٨٧/٦٥، شـەرکەتی ئەڵمانی داایملەر بێنز250 زرێپۆشـی Cascaval بە عێراق دەفرۆشـــن. ســـەرچاوە: هەمـان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

٦٦/ ١٩٨٧، شـــەرکەتی Paul Heinrich Reederei، 2085tلەFliegerbombengehhaeuse بـۆ عـێـراق دەنێرن، سەرچاوەEl Pais, 10.5.1987 :

١٩٨٧/٦٧، ٦ ئەفسەری عێراقی لە لایەن سوپای ئەڵمانییەوە لە قوتابخانەی باڵای ســـەربازی، مەشـــقیان پێ دەکرێ. سەرچاوە: ڕۆژنامەی زوید تسایتونگ لە 1987/7/29.

١٩٧٨/٦٨، شـــەرکەتی MBB، دەزگای پرۆژەی 395 بۆ دروســـتکردنی ڕۆکێتی نـاوەنـد هـاوێژ بە نرخی 1000 مـلـیـۆن بـۆ عـێـراق دەنـێـرن. ســـەرچـاوە : Koppe/Koch1990/S.293-343

١٩٧٨/٦٨، ئەم شـــەرکەتـانەی خوارەوە، بەرپرســـن لە دروســـتکردنی پرۆژەی 395 و دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی:

Walter Thosthi Boswau(Wtb), BBC, Nickel Klimatechnik, Siemens(Erlangen), Rudolf Otto Meyer(ROM), Schaeftlmaier Elektroanlagen GmbH, MBB,

Industrieofenanlagen(Rohrgas-. سەرچاوە: Koppe/Koch1990, S293, Spiegel39/1990,S32.

١٩٨٧/٦٩، شەرکەتی H&H Metalform und weitere BRD Firmenپـرۆژەی ڕاکـێـتـی -1728بە عـێـراق دەفرۆشـــتن و بۆی دادەمەزرێنن. هەمـان ســـەرچـاوە، لا244 .

١٩٨٩/٧٠، شـــــــــــەرکەتـــــــــــی Lol Industrieofenenlagn(Rorgas-Tochter)

کۆمپانیای دروســتکردنی بۆمبا لە شــاری تاجی دروســت دەکەن. سەرچاوە: شبیگل1990/32

١٩٨٩/٧١، شەرکەتی Leybold بەشداری لە دروستکردنی فــابریکی بۆمــب درووتکردن لە تــاجی دەکەن. هەمــان سەرچاوەی پێشوو.

١٩٨٩/٧٢، شـــەرکەتی بیناســـازیZueplin ئێســـتا لە ســـلیمانی مەکتەبیان کردووەتەوە وHochtief کۆمپانیای بۆمب دروســـــتکردن لە تاجی دروســـــت دەکەن. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارەی1990/28 .

١٩٨٩/٧٣، شـەرکەتی H&H Metalform ماشـینی چەکی ئەتۆمی بۆ دروســـــتکردنی، . Gaszentrifugenهەمـان سەرچاوەی پێشوو/ژ1990/33

١٩٨٩/٧٤، شـــــەرکەتـی Export-Union, Saarstahl، مەعـدەنی تـایبەت بۆ چەکی ئەتۆمی بە نرخی 3،8 ملیون مارک بۆ عێراق دەنێرن و مەشـق بە پسـپۆڕە عێراقییەکان دەکەن. ســـــەرچــاوە: ڕۆژنــامەی فرانکفۆرتە ئەلگمــاینە تسیتونگ و گۆڤاری دێڕ شبیگل 1990/33.

١٩٨٩/٧٥، شـەرکەتی Inwako GmbH، ماگنێتی بازنەیی بۆ دروســـتکردنی ultrazentrifuge دەنێرن. ســـەرچاوە: شبیگل1990/400.

١٩٨٩/٧٦، شــــەرکەتی Graeser GmbH، بەشــــدلری دەکەن لە دامەزراندنی کۆمپانیای بۆمب دروســــتکردن لە تاجی. هەمان سەرچاوەو ژمارە.

١٩٨٩/٧٧، شەرکەتی ئێم.بی.بی،16 هیلیکۆپتەری BK-117 بە عـــێـــراق دەفـــرۆشـــــن. ســـــەرچـــاوە Sipri: yearbook1990,S280.

١٩٨٩/٧٨، شــــەرکەتــی (Hertl, Leifeld&Co(Leico، بەشـــداری لە پرۆژەی ڕاکێتی 1728کردووە. ســـەرچاوە: ڕۆژنامەی Wirtschaftwoche,22.6.90, S54-58

١٩٨٩/٧٩، بانکی Dresdnerی ئەڵمانی وبانقی ئیتالیایی BNL بەپوول پشــــتگیری لە دروســــتکردنی پرۆژەی 1728یان کرد. سەرچاوە BUKO Rund brief,Nr.27 : و ڕۆژنامەی Financial T8.9.89>

١٩٨٩/٨٠، شــەرکەتی MAN, SMS Hasenclerver GmbH بەشــداریان کرد لە پرۆژەی 1728. ســەرچاوە: شبیگل1990/28.

١٩٨٩/٨١، شـــــەرکەتـــی Ferrostahl, Rheinmetall, Buderus بەشـــداریان کرد لە دروســـتکردنی کۆمپانیای دروستکردنی بۆمب لە تاجی. سەرچاوە: شبیگل1990/28.

١٩٨٩/٨٢، شــەرکەتی Kloeckner فڕنی کوڵاندنی ئاســن بۆ کۆمپانیای بۆمب دروستکردن لە تاجی نارد. سەرچاوە: سەرچاوەی پێشوو، ژ28.

١٩٨٩/٨٣، بەپێی بەرنــامەی پــانۆرامــا لە 1990/10/4، ئەندامی "ســــەربەخۆی" موخابەراتی ئەڵمانی دەســـتیان لە ناردنی چەکی کیمیاوی هەبووە .

بەڵام ئەمریکــایش ڕۆڵی خۆی گێڕاوە لە بەهێزکردنی ڕژێمی ســـەددام: هەروا بەگوێرەی ســـەرچاوەی نیویۆرک تایمز، وەزیری بەرگری ئێســـتای ئەمریکا (ڕامســـفێڵد)، لە کــاتی جەنگی عێراق-ئیران، لە 1983 ســــــەردانی عێراق

کردووە و بە ڕێپێدانی وەزارەتی ئیکسپۆرتی دەرەوە، چەکی بیولۆگییان بە ڕژێم داوە .

و دەیان کۆمپانیای تر.

سەرچاوەی سەرەکیی ئەم لیستەیە، لە دوو گۆڤاری ئەڵمانی دژ بە ملیتاریزم و خەبات دەکەن لە پێناو ڕێگەگرتن لە بەرهەمهێنان، فرۆشتن و ناردنی چەک و تفاقەکانی چەکسازی بە ناوی:

TATORT Irak,NOV/1990 و Die Totes Kremer,1991.

تێبینی: ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی ئاسۆ بە دوو بەش لە 29-2006/6/30 بڵاو کراوەتەوە

## جینۆسایدی گەلی کوردستان،

## یاسا نێونەتەوەییەکان و ئەرکەکانمان

### پێشی هەڵەبجە و ئەنفال

ناکرێ باس لە جینۆسایدی گەلی کوردستان بکەین، بەبێ ئەوەی بە کورتی ئاورێک نەدەینەوە لە مێژووی جینۆسایدی گەلانی تر و شێوەی هەوڵە یاسایی، ئەخلاقی و سیاسییە جۆراجۆرەکان، ناسینی تاوانباران، قەرەبووی زیانەکان بۆ نەوەی قوربانییان، یا داوای لێبووردنیان لێ بکەن. ئەوە 16ساڵە بەسەر کارەساتەکەی ئێمە تێدەپەڕێ، لێ جینۆسایدەکانی تر وا خەریکە 100ساڵیشیان بەسەر تێدەپەڕێ، بەڵام نەوەکانیان ئێستایش لە دژی تاوانبارەکاندا، دەنگی خۆیان هەڵدەبڕن، داخوازییە ڕەواکانیان بەرز دەکەنەوە، تاوانەکان بە بیری جیهان دەهێننەوە. منیش زۆر جار لە بۆنە جیاجیاکانەدا ئەم بانگەوازە دەخوێنمەوە: لە هیچ خۆش مەبن، هیچ لەبیر مەکەن!

لە 1904-1907 لەشکری ئەڵمانیا لە "ئەڵمانیای باشوری ڕۆژئاوای ئەفریقا-نامیبیا-!" کۆمەڵکوژی گەلی هیریرۆیان کرد. لە 000 80 هیریرۆ تەنها 130 15 کەس و لە 000 20 (ناما)یی 9781 کەسیان مایەوە. هەموویان بە زۆرەملێ بۆ بیابانی ئۆماهیکۆ نێردران و لە سەرچاوەی ئاو دابڕان و لە تینوێتیەوە گیانیان لەدەست دا. زیندانییەکانیان، کۆتکردن و بە ئاگر لەسەر گیانیاندا پیتی-GH) کورتکراوی زیندانی هیریرۆ) نووسی و بۆ کارکردنی زۆرەملێ ڕاپێچ کران..

ئەم کۆمەڵکوژییە لەسەر بڕیاری جەنەراڵ لۆتەر فۆن تروتا ئەنجام درا. لە نامەیەکی بۆ خەڵکی هیریرۆ لە 1904/10/2هاتووە: (من، گەورەترین جەنەڕاڵی سەربازە ئەڵمانییەکانم، ئەم نامەیە بۆ گەلی هیریرۆ دەنێرم. هیریرۆ چیتر ژێردەستی ئەڵمانیا نییە... گەلی هیریرۆ دەبێ ئێستا وڵاتەکە بەجێ بهێڵن، ئەگەر بەجێی نەهێڵن، ئەوا من بە کوتەکێکی گەورە ناچارتان دەکەم بەجێی بهێڵن. لەناو سنووری ئەڵمانیا-مەبەستی نامیبیایە-، هەر هیریرۆیەک، چەکدار بێ یا بێ چەک، مەڕومالاتی هەبێ یا نەبێ،

گولەڕێژ دەکرێ. من چیتر ئافرەت و منداڵ وەرناگرم، بۆ ناو گەلەکەیان قاویان دەدەم، یا دەیانکوژم. ئەمە ڕای منە بۆ گەلی هیریرۆ).

جەنەڕاڵێکی تر وتوویەتی: بیابانی ئۆماهیکۆی بێ ئاو، دەبێ کۆتایی بهێنی بەوەی چەکی ئەڵمانی دەستی پێ کرد: لەناوبردنی گەلی هیریرۆ.

لە 2001/10/1، واتە پاش 97 ساڵ، ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلانی هەڕەشەلێکراو، نامەیەک بۆ وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا دەنێرن، تێدا هاتووە: (لە کۆنفرانسی جیهانیی دژی ڕاسیزم لە دوربانی ئەفریقای خواروو، لە وتارەکەتاندا لە 2001/9/1 نموونەیەکی زۆر باشتان پیشان دا کاتێ قوربانییانی کۆیلایەتی و کۆلۆنیالیزم و نەوەکانیان دڵنیا کردەوە، بەرپرسیاری لە بەرامبەر ناڕەوایەتی ڕابردوو هەڵگرن. بۆیە منیش ئەمڕۆ بە ناوی کۆمەڵەی گەلانی هەڕەشەلێکراوەوە لە کانگای دڵمەوە، تکاتان لێ دەکەم، ئەڵمانیا، ناوی جینۆسایدی هیریرۆ لە نامیبیا (1904-1907) بهێنێ و فۆرمێکی شیاو بۆ قەرەبووی زیانەکانیان بدۆزن، وەک یارمەتی پەرەسەندنی دیاریکراو. هیریرۆ

ئێستا بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی سەختی هەیە. لە هەڵویسـتی وەزارەتی کـاروبـاری دەرەوە و لیژنەی داخوازییەکان لە پەرلەمان (بی تی-بڵاوکراوەی4844/14) لەم بارەیەوە هەمیشـە ئەو ئەرگومێنتە دووبارە دەکەنەوە کە مـافی گەلان زاراوەی جینۆسـایـد لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکـانەوە، یەکەم جـار لە 1948 بەکـار هێنرا و کارتێکردنی بەسەر پێشی ئەو بروارەوە نییە .

با، ئەمە زۆر ئاسـاییە، بە بەردەوام بۆ هۆلۆکۆسـتی ناسیۆنال سۆسیالیزم لە دژی جوو، سنتی و ڕۆما، داوای لێبووردن دەکرێ.

لەم نامەیەدا، بە بەڵگەوە، بیانووی ڕەسـمیی حکوومەتی ئەڵمانی پووچ دەکرێتەوە. جینۆسایدی جوو و سنتی ڕۆما پێشـی 1948رووی داوە. نامیبییەکان نوێنەری خۆیان دیاری کردووە و ئەوە چەندین سـاڵە حکوومەتی ئەڵمانی داوای پێشوازیکردنی ڕەسمییان، ڕەت دەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەش، ڕەنج و تێکۆشـان بۆ بەدەسـتهێنـانی داخوازییەکانیان درێژەی هەیە.

أ. حەیدەر، بە یادی جینۆسایدی ئەرمەن دەنووسێ: (...پتر لە 1.5ملیۆن ئەرمەنی کوژرا. مرۆڤی بێ چەک کە نەیانتوانی بەرگری لە خۆیان بکەن بە بڕیاری ڕێکخراو، لەلایەن لەشکرەوە لەناوبران. لەگەڵ ئامادەکردنی سیناریۆی پێشوەخت، ئاگری گیانی ڕاسیزم و شوڤێنیزمیان لە دانیشتووانیان بەر دا. بۆ ئەوەی لە دژی ئەرمەنییەکان ڕاوەستن....لە مێژوودا هیچ دەسەڵاتێکی تر نییە، ئاوا بەدرێژی پراکسیسی جینۆسایدی هەبێ و درێژەی پێدابێ وەک تورکیای کۆلۆنیالیست...). ئەم تاوانەش کە لە 1915/4/24 ئەنجام دراوە، وەک ئەوی پێشووی، وا بوو نزیکەی 85 ساڵ دەچێ، لە تورکیا تابووە. پەرلەمانی ئەڵمانیاش تا ئێستا، ئەم تاوانە بە شێوەیەکی ڕەسمی بە جینۆساید لە قەڵەم نەداوە. هۆی سەرەکیی ئەم هەڵویستە، بەندە بە ڕۆڵی ئەڵمانیا لەم کۆمەڵکوژییە. ڤۆلڤگانگ گوست لە وتاری (ڕووپۆشینی بەشداربووانی تاوان) دەنووسێ: (...ساڵێک پاش کۆتایی پێهاتنی جەنگ، ئەڵمانەکان ئەکتەکانی وەزارەتی دەرەوە لەم بارەیەوە بە دیکومێنت بڵاو کردەوە و بە جینۆساید پیشانی دا. قەشە جۆهانس لیپیسیوس (باشترین دۆستی

ئەرمەنییەکـان) لە 1919 لەســـەر داخوازی وەزارەتی دەرەوە 444 فایلی بڵاو کردەوە کە وەڵامی تێروتەســـەل لەســـەر جینۆســـاید دەداتەوە...لە جەنگی جیهانیی یەکەم، ئەڵمانەکان گرنگترین دۆســـتی تورکیا بوون و لە هەموو لایەنێک باشـــتر ئاگایان لەو تاوانانە بوو کە لە ئەنادۆل و بیابانی ســـوریا ئەنجام دەدرا، وەک چۆن لیپســـیوس لە کتێبەکەیدا ئەو بەڵگان پیشـــان دەدا. بەڵام ئەو دیکومێنتانە کە بە زاراوەی کۆنی سویتەرلن نووسراوە...و ئەو شوێنانە کە بەشداری واقیعی ئەڵمانیا دەسەڵمێنی، دەسکاری کراوە. بۆ نموونە، ســڕینەوەی ئەو بەڵگانە کە بەشــداری ئەڵمانیا دەسەڵمێنی لە لێدانی ڕاپەڕیوەکان لە زاتون و ئورفە.).

ئێســتا پەرلەمانی ســوید بە ڕەســمی جینۆســایدی ئەرمەن نـاســـی. پـاش تێپەڕبوونی ئەم هەموو مـاوەیە، تـازە (پەرلەمـانی فەرەنســـی لە 2001/1/18دا، بە یەکـدەنـگ بەرخوردی تورکیا لە دژی ئەرمەن بە جینۆساید ناسی. لە ئیتالیا، هێشتا لە ناو ئەرشیفەکانیاندا بۆ بەڵگە دەگەڕێن، تا کوشتنی ئەرمەن بە جینۆساید بە ڕەسمی بناسن. بەریتانیا هەمان نیازی هەیە) . لە وتاری ڕۆژنامەنووس (سباستیان

فیشــەر)یش هاتووە: کارلس لیمان(قســەکەری حزبی ســی. دی. ئو لە پەرلەمانی ئەڵمانی) وتی: ئەم پرسـیارە بیروڕای گشـــتی نابزووێنێ. ئێمە لێرە کەمایەتیی ئەرمینیمان نییە. ئەڵمانیا، لەدیســـکســـیونی بە ئەندام وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتیی ئۆروپـا، گرفتێکی تونـدی لەگەڵ تورکیـا هەیە و هەروا ئەڵمانیا لە تورک جمەی دێ. مەحکومکردنی تورکیا لەلایەن پەرلەمــانەوە کۆنـتـراپـرۆدۆکـتـیـڤە. قســـەکەری ســـیاســـەتی دەرەوەی ســـۆســـیال دیموکراتەکـان (گێرتڤایسکیرشـە) لە پەرلەمان، هیچ بە گرنگی نازانێت لەم دیباتەیە بەشداری بکا. تاقە حزب کە لەناو پەرلەمان داوای مەحـکـومـکـردنـی ئەو تــاوانە دەکــا، حـزبـی دیـمـوکـراتە سۆسیالیستەکانە. قسـەکەری ئەم حزبە و ئەندامی گروپی پەرلەمـانی ئەڵمـانیـا– تورکیـا (ئوڤە هیکش) دەڵێ:دەبێ لە کــارە نــاڕەوایەکــان بکۆڵینەوە. لە حــاڵەتی ئەرمەن و کوردەکان...) . شـــایانی باســـە پەرلەمانی نەمســـایش بە ڕێککەوت لەیـادی کیمیـابـارانی هەڵەبجە گفتوگۆ لەســـەر جینۆســایدی ئەرمەن دەکەن: (کۆمیتەی مافی مرۆڤ ســەر بە پەرلەمانی، لە 2000/3/16، لە ســـەر داخوازی حزبی سەوزەکان لەم بارەیەوە گفتوگۆیان کرد) .

هەروا ئێســــتایش لە ئەڵمانیا لێکۆڵینەوە، فیلم و گفتوگۆ لەبارەی جینۆسایدی سنتی و ڕۆما و جووەکان دەکرێت. ئێســــتاش جووەکان بۆ نازییە تاوانبارەکان دەگەڕێن، دەستگیر و سزایان دەدەن. سەیر ئەوەیە پێشی نزیکەی 6 ســاڵ نامیلکەیەکم لەبارەی (تیۆرییەکان لەبارەی فاشــیزم) بۆ بڵاوکردنەوە، بۆ لایەنێــک لە کوردســــتان نــارد، بەرپرسێکیان گوتبووی: (ئەم بابەتە بەسەر چووە!).

جینۆســاید، لە گەڵ تاوانەکانی تر بەراورد ناکرێ، تەنانەت جوداشـــی دەکەنەوە لە تاوانی جەنگ . بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە هێشــتا لە جینۆســایدی گەلەکەمان بە تێروتەســەلی تێنەگەیشــــتووین، بۆیە زۆر کەس لە بواری نووســــین لەبارەی جینۆســـــایددا، بە ئارەزووی خۆی، باســـــی تاوانەکانی تری دەســەڵاتی فاشــیســت لە عێراق تێهەڵکێش دەکەن. ئەم هەڵەیە دەبێ کۆتــایی پێ بێ. لەم بــارەیەوە چەندین وتار، بەیاننامەی پڕ لە نەزانین لەبارەی تاوانی هەلەبجە و ئەنفال نووسراوە .

تاوانی جینۆســــاید وای کرد، نەتەوەیەکگرتووەکان جاڕی مافی گەلان بدەن و لە 1952 یاساکان لەبارەی ڕێککەوتن

لەســـەر پاراســـتنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان دەربکەن و لە ســـەری ڕێک بکەون و دادگای تایبەتیش بۆ ئەم بۆنەیەوە دابمەزرێنن:

١٩٢١، تریبونالی تاوانی جەنگ لە لایبزگ.

١٩٤٥-١٩٤٦، تریبونالی سەربازی لە نورنبێرگ

١٩٤٦-١٩٤٨، تریبونالی سەربازی لە توکیو

١٩٩٣، دادگای سزادانی جیهانی بۆ یوگسلاڤیای ڕابردوو لە دێنهاگ.

١٩٩٥، دادگــای جیهــانی بۆ تــاوانبــاران لە ڕوانــدا لە(ئاروشا)دا دەست بە کار دەبێ.

دوو دادگایە دواییەکان لەسەر بڕیاری مەجلسی ئاسایشی جیهانی دامەزراوە.

کام دادگا بەرپرســـیارە لە بەرامبەر جینۆســـایدی گەلی کوردستان لە 1988؟

لە چەندین گفتوگۆ و وتاردا، لە نابەڵدییەوە، هەمیشـــە دووبارەی ئەو بۆچوونە کراوە کە دادگای دینهاگ بۆ دادگاییکردنی میلۆســـۆڤیچ، پەیوەندی بە داخوازی گەلی کورد بۆ دادگاییکردنی بەرپرسیارانی جینۆسایدی ئەنفال، نییە. بەڵام ئەم بەڵگانەی خوارەوە، ئەو بۆچوونانە ڕاســت دەکەنەوە و دەکرێ بە ڕوونی بگوترێ: بەڵێ، دادگــای دەێنهاگ لە هۆڵەندا بەرپرسیارە لە دادگایکردنی سەددام و سەرانی تری حکوومەتە تاوانبارەکەی. بە داخەوە چەندین کەســـی دڵســـۆز لەم بارەوە زانیاریی هەڵەیان بە خەڵک گوتووە. بۆ؟

-لە ڕێککەوتنی(روم) ســـاڵی 1998دا وڵاتان لە ســـەر دادگای ناوبراو ڕێککەوتن. لە برگەی پێنجی ڕێککەوتنەکە نووسراوە: (دادپەروەری لەم دادگایە، بۆ قورسترین تاوان دیاری کراوە، ئەو تاوانانە کە هەموو کۆمەڵگای جیهانی دەگرێتەوە. دادپەروەری لەم دادگایە، حاڵەتی ئەم تاوانانەی خوارەوە دەگرێتەوە.

أ- تاوانی کۆمەڵکوژی،

ب- تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی،

پ- تاوانی جەنگ،

ت- تاوانی دەستدرێژکردن.

بەپێی ئەم بڕگەیە بێ :

١/ سەرانی حکوومەتی کۆماری عێراق، لە 1988/3/16دا، بە کردەوە و بەپێی بڕیارێکی پێشــوەخت، تاوانی(أ) و (ب) لە دژی خەڵکی کوردســـتان ئەنجام داوە. شـــوێنی تاوان (هەڵەبجە، شـــێخ وەســـانان، بالیســـان و ســـەدان دێ و شـــارۆچکەی کوردســـتانی/ عێراق). هاوکات، ئەو تاوانانە زەدەکـــردنـــی ئەم بـــڕگەکـــانـــی چـــوارەم کۆنڤۆتسیون(رێککەوتن)ی جنێفە لە 1949:

بڕگەی: 3 کە تێدا هاتووە: ( نابێ دیلی جەنگ هەسبریندار، بە خراپی مامەڵەی لە گەڵدا بکرێ یا بکوژرێ. ئەمانە لەژێر پاراستنی خاچی سووردان).

بڕگەی 4: سـەرکردەی جەنگەکان پەرسـیارن لە پاراسـتنی هەموو ئەو کەسانە کە بەشدار نین لە دوشمنکارییەکەیان. پێشــی هەموو شـتێک، ئەشـکەنجەدانی مرۆڤ قەدەغەیە یا بە شـێوەیەکی سـامناک یا کەرامەتشـکێنانە مامەڵە بکرێ یا

بەبێ شـــێوەی یـاســـــایی و حوکمـدان بکوژرێ. دەبێ نەخۆشەکان وەک سەربازە بریندارەکان بپارێزرێن..

ئەم ڕێککەوتننامەیە لە 1977 بە دوو بڕگەی تر بەرفراوان کرایەوە. هەردوو بڕگەکە لە لایەن ڕژێمی بەعس لە عێراق بە هەزاران شێوە زەدەکراوە :

دەبێ کەســــــایەتیی مرۆڤ، کەرامەت، نەریـت و بڕوا ئاینییەکەی و مافەکانی خێزانی ڕێزی لێ بگیرێت.

بەرخوردی سامناک، لەناوبردن، ئەشکەنجەدان، هەڵواسین بەبێ دادگاییکردنی یاســــایی، ســــەروشــــوێن ونکردن، ڕاوڕووتکردن، زەبروزەنـگ بەکـارهێنـانی نـاڕەوا بۆ وێرانکردن موڵکایەتیی تایبەت یاساغە.

٢/ هەموو جیهان ئاگاداری ئەم تاوانەیە: ڕێکخراوی مافی مرۆڤ، بەشـــی ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاســــت یەکێکە لەو ڕێکخراوانە کە زۆر بە باشـــی ئاگاداری کوشــتنی خەڵکی مەدەنی، تاڵانکردنی ســــەروەت و ســـامان و وێرانکردنی ئینفراســــترکتوری دانیشـــتووان و ونکردنی هەزاران هاووڵاتیی مەدەنین.

٣/ ڕژێمی عێراق بە پیلان و نەخشـــەیەکی پێشـــوەخت داڕێژراو، خۆی ئامادە کردووە بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانە. بە هەموو هوشـــیاری و ئاگابوون، چەکی کۆمەڵکوژ(گازی کیمیاوی) بەکارهێناوە، بە مەرجێک زانیویانە سەرئەنجامی بەکارهێنانی ئەم چەکە، دەبێتە هۆی کۆمەڵکوژی هەزاران تسیڤیل.

لە ماددەی 6ی ئەم ڕێککەوتننامەیە، واتای(کۆمەڵکوژی) بەم شێوەیە دیاری دەکەن: هەر کەسێک ئەم کردەوانە بکا کە بەو مەبەســـتەوە ئەنجامیان دەدا، نەتەوەیەک، ئەتنیَ، ڕەگەزێک یا گروپێکی ئایینی بە تەواوی یا تا ڕادەیەک لەناو ببا: أ- کوشـــتنی ئەندامەکانی گروپەکە، ب- بوون بە هۆی گەیاندنی زەرەی گیانی و ڕۆحی سەخت بە ئەندامانی گروپەکە.

بە گوێرەی ئەم دوو خاڵە، تاوانەکانی ڕژێمی دەســـەڵاتدار لە ئۆپیراتسیونە بەدناوەکەی ئەنفال مەحکومە.

ماددەی 7: تاوان لە دژی مرۆڤایەتی

أ-... مـانـای "تـاوان دژی مرۆڤـایەتی" هەریەکێـک لەم کردارانە، کە وەک بەشـــێک لە مەبەســـتێکی گەورە یـا هێرشـێکی ڕێکخراو دژی دانیشـتیووانی مەدەنی بە مانای هێرشـــبردن ئەنجام دەدرێ:1-کوشـــتن 2-لەناوبردن 3-کـویـلەکـردن4 –دەرکـردن یـا گـواســـتنـی زۆرەمـلـی دانیشتیوان،5 - یاساغکردنی ئازادی یا هەر یاساغکردنێکی ســـەختی ئازادی جەســـتەیی، لەژێر زەدەکردنی، بنەما ســـەرەتـاییەکـانی مـافی گەلان ئەنجـام دەدرێ. 6-ئەشکەنجەدان 7-زەوتکردن، کویلایەتیی سێکسی، سۆزانی پێکردن بە زۆرەملی، دووگیانخســـتنی بەزۆرەملێ یا هەر فۆرمێکی زەبروزەنگی سـێکسـی سـەختی هاوتاکانیان. 8-چەوســـاندنەوەی گروپێکی دیاریکراو یا کۆمەڵێک بە هۆی سـیاسـی، ڕاسـیسـتی، ناسـیونال، ئەتنی، کلتوری یا هۆی ئایینی.

رژێمی بەعس، لە ئەنجامدانی تاوانی ئەنفالدا، هەســتاوە بە تاوانی 1، 2، 4، 5، 6، 7، 8. لە بارەیانەوە هەزاران بەڵگە و شایەت هەیە.

ئێمە پێش ئەوەی هەر گلەییەکی ڕەوا لە لەلایەنێکی تر بکەین، دەبێ یەکەم جـار بە چـاوێکی ڕەخنەگرانەوە تەماشای هەوڵەکانی خۆمان بکەین و وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە: ئێمە تا ئێســتا چیمان کردووە؟ ئەرکەکانمان چییە؟

ڕاســتە لەم ماوەیەدا، لە کوردســتاندا چەندین هەنگاوی گرنـگ نراوە وەک: 1-لە 3/16 مـاتەمینیی گشــتی ڕادەگەیندرێت 2-دەسـت کراوە بە سـەرژمێری قوربانیان. 3- دامەزراندنی سەنتەری ئەنفال. 4- بڕیاری یارمەتیدانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان. 5- بەڵێنی دامەزراندنی پەیکەر بۆ قوربانیانی کارەســاتەکە و چەندین هەوڵی تر. ئەوەی جێگـای ڕەخنە بێـت، هەردوو ئیـدارەکە پێشــوازیـان لە داخوازی جەماوەر نەکرد بۆ دادگاییکردنی ئەنفالچی نەزار خەزرەجی. ئەمە هەڵەیەکی کوشـندەیە و دەبێ چارەســەر بکرێت. هیچ کەسـێک بۆی نییە، لە هیچ ئەنفالچییەک خۆش بێـت، چونکە ئەم داخوازییە، تەنهـا پەیوەنـدی بە گەلی کوردەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندی بە هەموو مرۆڤایەتییەوە هەیە. دادگاکانی کوردســتان یا دادگای نیونەتەوەیی بۆیان

هەیە بە شێوەیەکی یاسایی لە بەشداربوونی ئەو کەسانە لە تاوانی جینۆسساید بکۆڵنەوە، گوێ لە بەرگریکردنیان بگیرێت، ئەوسا بەپێی بەڵگە و قسەی شایەت بڕیاریان لەسەر بدرێت .

هەروا لە دەرەوەشدا، هەموو ساڵێک بە سەدان پرۆتێست و ئەکتسیون کراوە، بەڵام بە گشتی، تا ئێستا نەگەیشتووین بە ئاستی ئەم خاڵە گرنگانەی خوارەوە:

١/ دیاریکردنی نوێنەرایەتییەکی ڕەسمی بە ناوی قوربانییانی جینۆساید بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕێکخراو، دەزگا حکوومەتی و ناحکوومەتییەکان.

٢/ دیاریکردنی داخوازییەکانمان. بە داخەوە لەم بارەیەوە ناڕۆشنییەکی بەرچاو بەدی دەکرێ. پێشی چەند هەفتەیەک، برایەکی زۆر چالاک کە لەم بوارە شوێنی دەستی دیارە، وتی "ئێمە دەبێ داوای قەرەبووی زیانەکان تەنها لە حکوومەتی عێراق بکەین". ئەگەر ئەم برادەرە ئەوەندە چالاک نەبووایە، گلەییەکی وای تووش نەدەبوو بۆ ئەو دەربڕینە بێ سەروشوێنە. قەرەبووی زیانەکان لە پەیوەست بە حکوومەتی عێراق، تەنها سەری ڕژێم و

دەســـــەڵاتەکەیەتـی. بەڵام هەقـی ئەوەمـــان هەیە، داوای قەرەبووی زیـانەکـان لە ئەڵمـانیـا یـا هەر دەوڵەتێکی تر بکەین، کە گـازی کیمیـاوی یـا دەزگـا و کەرەســـــتەی دامەزراندنی شـــــەرکەتی بەرهەمهێنانی گازی کیمیاوی بە ڕژێمی فاشیست لە عێراق فرۆشتووە. چەندین ڕێکخراوی مرۆڤدۆســــتی ئەڵمانی هەیە، ئەم داخوازییە بەرزکردووە، کەچی خودی بەرەی قوربـانییـان زاتی ئەوە نـاکەن ئەم داخوازییە بەڕەسمی بەرز بکەنەوە.

٣/ تا ئێستا هەوڵمان نەداوە، چەند پارێزەرێکی شـارەزا و خـاوەن ئەزموون لە بواری مـافی گەلان بکەین بە وەکیلی خۆمان بۆ ڕێکخســـتن، فاکت کۆکردنەوە، و هەر ئیشـــێکی یاساییانە کە خزمەت بە داوای دادگاییکردنی ڕژێمی بەعس دەکا. لە کوردستان چەندین یاساناسی بە توانا و شـارەزا هەیە کە توانـایـان بەســــەر زمـانی ئەنگلیزیش دەشـــکێ. بەداخەوە ئەوانیش تا ئێستا کارێکی وا پوخت و چڕوپڕیان نەکردووە، تـا هەر هەمووی وەک ئەکتێکی تـایبەت بخرێتە بەر دەســتی پارێزەرانی ئەم وڵاتانە. بە کورتی: ئێمە دەبێ خۆمان هەنگاو بنێین و چاوەڕوانی کەس نەکەین .

ئەوەی لەم بارەیەوە دڵخۆشکەر بێ، ئەوەیە، هەموو لایەک هەوڵ دەدا بە نووســــین، کاری خزمەتگوزاری، چالاکی، کۆنفرانس،ڕەخنە و پێشــنیار هەنگاوی دروســـتتر بنێن و هەر هەموو دووپاتی پێکەوە کارکردن دەکەن، ئەمەش تاقە زامنی سەرخستنی هەوڵەکانمانە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا ئەو پێکەوە کارکردنە ئەنجام نەدراوە.

## گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێز هانز براندشایدت (بەرپرسی میدیکۆ ئینتەرناسیونال)

2001/8/14

سـەلام: بەڕێزتان پەیوەندییەکی نزیکی ناسـراوی لەگەڵ (یەکێتی و پارتی) و سـەرکردەکانیان هەیە. بۆچی ئێوە وەک ڕێکخراوێکی جیهانی مافی مرۆڤ و یارمەتیدان هەوڵ نادەن، کاریگەری و تاقیکرنەوەکانتان بەکار بهێنن بۆ پرۆسەی ئاشتی لە کوردستان؟

براندشـایدت: من هەوڵ دەدەم تاقیکرنەوەکانمان بۆ پرۆسیسی ئاشتی بەکار بهێنین، وەک چۆن لە ڕابردوودا کردوومانە. لە ڕاستیشدا ئێمە توانامان کەمە ڕاستەوخۆ و بە چڕی کاری تێبکەین. هیچ نەبێت تەنها لەبەرهۆیەک سـەخت بووە، کە ئێمە بەدەگمەن دەتوانین بۆ باشـووری عێراق سـەفەر بکەین. بێگومان لە داهاتوودا، پڕۆژەی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو دەگرین، کە داواکاری پرۆسـەی

ئاشـــتی و دیموکراســـین. لە هەمان کاتدا دەبی ئێمە کە لە ئەورووپاوە لەگەڵ وڵاتانی تر کار دەکەین، خۆمان نەختێک دورەپەرێز بگرین. بە شـــێوەیەکی تر بڵێم: ئێمە ئەوپەڕی، دەتواین وەک ڕاوێژکارێک، ناڕاستەوخۆ چالاک بین.

ســـەلام: بە بڕوای ئێوە: دەتوانن چ ســـتراتیژێک پێشـــنیار بکەن بۆ پەرەســـەندنی پرۆســـەی ئـاشـــتی لە کوردستانی/عێراق؟

براندشـایدت: من ئێسـتا لە بارودۆخێکدا نیم، بتوانم گەشـە بە "ستراتیژێکی" لەبەرچاو بدەم. بەڵام بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە پێوەر بۆ باکووری عێراق لە ئاستی ستانداری جیهانییە لە دیموکراتی، مـافی مروڤ و ئـازادیی ڕادەربڕین. بۆ گەیشـتن بەو مەبەسـتەش (بەرقەراربوونی ئاشـتی: س)، باشـترین "ستراتیژی" یا میتۆد بۆ ئێسـتا، دیالۆگی کراوەیە لەنێوان بەشـداربووانی گیروگرفتەکە بە مەبەسـتی ئاشـتی، ئەمە ئاقڵانەترین شتە .

سەلام: بەرێزتان ئامادەن هەردوو حزبەکە لەلایەن (NRO) بۆ ئەڵمانیا دەعوەت بکەن؟

براندشـــایدت: پێویســـت ناکات بە شـــێوەیەکی بەتایبەتی بۆ ئەڵمـــانیـــا میوانـــداریـــان بکەین. هەموو حزبەکـــان لێرە نوێنەریان هەیە و ئێمە کۆنتاکتی تەنگی باشمان لە گەڵیاندا هەیە. بۆیە دەکرێت لێرەیش لەگەڵ نوێنەرەکانیان باســـــی زۆر بابەت بکەین و ڕوونکردنەوە لە سەریان بدەین.

ســـــەلام: بەرێزتان ئامادەن پێکگەیشـــتنێک ڕێک بخەن بۆ ئەوەی شـــاندێک پێک بهێرێت لە میدیکۆ، کۆمەڵەی گەلانی هەڕەشەلێکراو و وادی لەگەڵ کەسایەتیی ناسراوی ئەڵمان وەک گونتەر گراس، ئولەیالپکەیا هەر کەســـــایەتییەک ئێوە وەک دۆســـــت بە شـــــایەنی پرســـــیارلێکردن دایدەنێن، بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتی لەنێوان هەردوو حزب بۆ پێشەوە ببرێت؟

براندشـــایدت: لێرەیش هەمان بۆچوونم دەگرێتەوە کە ئێمە خۆمان ناتوانین پرۆســـەی ئاشـــتی دروســـت بکەین. ئەگەر

حزبەکـان و ڕێکخراوەکـانی تر ئەمەیـان بوێـت، دەکرێ بیرێکی بۆ بکرێتەوە، داخۆ بەیەکگەیشـــتن پڕمانایە. بەڵام وەک وتم، ئەمە تەنهـا ئەو کـاتە دەکرێـت، ئەگەر ئەم پێویستییە لەلای هەموو بەشداربووەکان بەباش بزانرێت.

ڕەنگە ئەمە باش بێت، بەگشـــتی پێویســـتی بەوە دەبێت لەبـارەی پەرەســـپێکتیڤی عێراقێکی نوێ و دیموکرات لە ئەڵمانیا لێدوان بکرێت. لێرەشـــدا من زۆرم پێ باشـــترە کەســـایەتییەک وەک گونتەر گراس، ئولەیالپکە ئەندامی پەرلمان و ئەوانی تر ئەم ئیشـە بکەن. لەم پەیوەسـتەدا، بە دڵنیاییەوە شـان بەشـانی باسـەکانی تر، دیسـکسـیونی پرسـیاری کۆنکریتی لەبارەی گەشـەسـەندنی دیموکراتی لە عێراق دێتە کایەوە.

سـەلام: بۆچی تا ئێسـتا کۆمەڵکوژی 180000 سـیڤیلی کورد لەکات ئۆپیراتسـیونی ئەنفال لەلایەن ڕای گشـتی جیهان بە جینۆساید دانی پێنانرێت؟

براندشـــایدت: بەداخەوە منیش نازانم بۆچی، منیش هەمان پـرســـیـار دەکەم. لەم بـارەیە دەتـوانـم بـڵـێـم کە نەتەوەیەکگرتـووەکـان (Max van der Stoel) بەبێ گومان مامەڵەی جینۆسـایدانەی ڕژێمی بەعس ناسـی و تەسدیقی کردووە.

سـەلام: گازی ژەهراوی و پیشـەسـازیی جەنگی ئەڵمانی ڕۆڵی سـەرەکییان بینی لە بەرهەمهێنانی گازی کیمیاوی عێراقی. بە ڕای بەڕێزتـان: کوردەکـان دەتوانن مـافەکـانی خۆیان لە ئەڵمانیا وەربگرن؟

براندشایدت: من ئەمە پێش چەند ساڵێک بە ڕێگای یاسایی ئەزمونگەریم کردووە. لەو بڕوایەدام کە شـانسـی یاسـایی لە بەردەم دادگاکانی بەلژیکا و ئەمریکا سـەرکەوتووانەتر دەبێت لەوەی لە ئەڵمانیا. ئێستا من و (ئەوانی تر) هەنگاوی یـاســایـانەی تر دەنێین بە ئـامـانجی قەرەبووکردن و سـەرلەنوێ چاکسـازی لە پێشـی دادگاکانی کەی ئەورووپا وەک (شـتراسنبۆرک). لە کۆتاییدا من گەشبینم. لە ئەڵمانیا نەک تەنها سـکاڵا لە دژی حکوومەتی فیدراڵ/ کۆماری

فیـدراڵ بکریـت، بەڵکوو لەلای دادگـا مەدەنییەکـانـدا ئەو کۆمپانیا ئەڵمانیانە بە دادگا بدرێن کە ئەو کاتە بەشدارییان کردبوو. گرفتی ئەمە لەوەدایە کە تەنها نرخی هەڵسەنگاندنی یاسـایی و ئەزمونگەری یاسـاییی پێشـوەخت مەسـەلەیەکی زۆر گرانە وخەرجی دەوێت. ڕوونتر بڵێم، هیچ کەسـیـك نادۆزمەوە ئامادە بێت 30-50 هەزار مارک بۆ ئەم کارە تەرخان بکات بۆ خەرجکردنی بەسـەر کۆلێکتیڤی پارێزەر، یاسـاناسـی دەوڵەت – گەلانی بەتوانا و خاوەن تەجروبە کاری بۆ بکەن. لەگەڵ ئەوەشـدا ئەم کارە دەیهێنێ. هەروا من هێشـتا لەو بڕوایەدام کە لە دوارۆژ لەم بوارە شـتێک دەکرێت.

سـەلام: فرسـەتی وا هەیە، ئێمەیش وەک ئەوانەی بە زۆرەملێ کاریان پێ دەکرا یا قوربانیانی هۆلۆکوسـت داوای قەرەبووی زیانەکان بکەین؟ لەکۆتاییدا کوەیت و ئیسـرائیل لە ئەنجـامی جەنگی کەنـداوی دووهەم قەرەبووکران، بۆچی کوردەکانیش نا؟

براندشایدت: بە ڕای من هەرگیز ئەمە ناکەن.

سـەلام: چەند کەسـێک لە هاوتاوانەکانی بازرگانیی گازی کیمیاوی لەگەڵ عێراق سـزادران. بۆچی سـزادانەکەیان ئەوەندە خەندەئاور بوون؟

براندشـایدت: زۆر بەئاسـانی، لەبەر ئەوەی دادوەری لە ئەڵمانیاشدا، دادوەرییەکی سیاسییە.

سـەلام: ئەوە دوو سـاڵە ڕۆشـنبیرە کوردەکان لە بەردەم باڵوێزخانە و قونسـولییەکانی ئەڵمانیا لە چەندین وڵات ئەکتسـیون دەکەن لە پێناوی قەرەبووکردنی قوربانییانی گازی کیمیاوی. هەڵویسـتی بەڕێزتان لەبەرامبەر ئەمە چییە؟ دەتوانرێت ڕای گشـتی بۆ ئەم مەسـەلە بەدەسـت بهێرێت و چۆن؟

براندشـایدت: ئەم جۆرە ئەکتسـیونانە زۆر دروسـت و پێویسـتن. هەر وەک تاوانە گەورەکانی ڕابردوو، ڕای گشـتی لە ڕۆژێکدا دەبێ بە شـێوەیەکی کۆنکریت خەریکی

تاوانی هەڵەبجە و ئەنفال ببێت، لەبەر ئەوەی ئەمە برینێکە، هێشتا باش و سارێژ نەبووە ..

لە کۆتاییدا داوای لێبوردن دەکەم بۆ ئەوەی کە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ئەڵمانیا ئەوەندە کەم کار دەکەن و ئەوەند وەسیلەی کەمیان بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی کەمپینگی کارتێکردن لە ڕای گشتی بۆ قوربانییە کوردەکان و قوربانییەکانی تری عێراق بە پوول پشتگیریان لێ بکەین .

**تێبینی:** ئەم پرسیارانە ئاراستەی بەرپرسی چەند ڕێکخراوێکی ناحکوومیم کردووە کە شوێنی دەستیان لە کوردستان دیارە. کاک هانز وەڵامی دامەوە.

## بازرگانی بە قوربانییان

دیسان حزبەکان خۆیان بە وتاری ماتەمی و سۆزداری و بە ڕێکخستنی مەراسیم بۆ تاوانی هەڵەبجە و ئەنفال ئامادە دەکەن و لەبیر دەچێت کە پاش 34 ساڵ هێشتا:

- ئەنفالستان (زۆرێک لە ئاواییەکانی گەرمیان) پێویستیان بە قوتابخانە و ڕێگاوبان و بنکەی تەندرووستی و تۆڕی ئینتەرنێت پێداویستییەکانی گەشەپێدانی کشتوکاڵ و مەرداری هەیە.

- بایەخ بە دەیان بریندارى کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و شوێنەکانی تر نەدراوە.

- زۆرێک لە تاونباران دادگایی نەکراون، لەوەش خراپتر مووچەیان پێ دەدرێ و هەیشە لێیان پلەوپایەی وەرگرتووە لەناو حزبە دەسەڵاتدارەکان و ناو حکوومەت.

- کاری جیددی نەکراوە بۆ ناساندنی کۆمەڵکوژییەکە بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی بناسرێت.

- ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە و ئەنفال بەسەر چەندین ڕێکخراو و گروپ دابەش کراون(لووتکەی نەزانی).

- چەندین گۆڕی بە کۆمەڵ بۆ کوردستان نەگوێزراونەتەوە.

- چەندین شـــوێنی تاوانەکە وەک (ملەســـوور) نەکراوە بە شوێنێکی مێژوویی بۆ ئێستا و نەوەکانی داهاتوومان.

- قەرەبوونی کەسوکاری قوربانییەکان نەکراوە.

- ژمارەی تەواوی قوربانییەکان دیاری نەکراوە.

- بازرگانەکانی کۆمپانییەکانی "وڵاتە شارستانییەکان" سزا نەدراون.

- زۆرێک لە بەشـداربووانی تاوانەکە لە هاوزمانەکەمان بە نهێنی ماونەتەوە.

- چەندین تاوانباری هەڵهاتوو بە ڕێگای ئینترپۆڵ دەسـتگر نەکراون.

ســەرەڕای ئەوانەی ئاماژەمان پێ کرد، هێشـتا ئەو حزبانە ڕووقایشـــانە درێژە بە لاف و گەزافی (نیشـــتماپەروەری، نەتەوەیی) دەدەن و لە بۆنەکان بە خەڵک دەیانفرۆشنەوە.

ئایا یادەکەی ئیمســـاڵ (2022) دەبێتە یادی کار و چالاکی و هەوڵی جیددی بۆ گەڕاندنەوەی ماف بۆ مافدارانی ئەم پرسە یان هەروا وەک ساڵانی ڕابردوو تێپەڕدەبێت؟!